مەحمود محەمەد

وتەبێژی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# پارتی ئامادەیە بە دیدێکی تازە واقیعی سیاسیی ئێستای کوردستان بخوێنێتەوە و وتووێژ لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان بکات

**هەوڵەکانی سەرۆک بارزانی و ئیمزاکردنی رێککەوتنی هەولێر و دهۆک بە سەرپەرشتی بەڕێزیان لە نێوان لایەنەکانی رۆژئاوا، هەمووی لە پێناوی ئەوە بوو ئەزموونە خراپەکانی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان لە رۆژئاوا دووبارە نەبێتەوە**

**پەکەکە لەگەڵ هەموو لایەکە، بەڵام هەندێک لایەن وا مەزندەی دەکەن، ئەگەر پەکەکە لە دژی ئێمە بەکار بهێنن، ئەوا ئێمە زیاتر سەخڵەت دەبین**



**دوای دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی و ناردنی نوینەری خۆی بۆ لای لایەنە سیاسییەکان، پرۆسەی سیاسیی کوردستان خەریکە لە چەقبەستوویی دەردەچێت و جۆرێك لە نەرمی نواندن و ئامادەباشیی لایەنە سیاسییەکان بۆ وتوویژ و کۆبوونەوە دەست پێدەکاتەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەباشی ئەوەی پیشانداوە کە بە دیدێکی تازە واقیعی سیاسیی ئێستای کوردستان بخوێندرێتەوە و بە زمانی دیالۆگ و یەکتری قبووڵکردن رێگەچارەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدۆزرێتەوە، لە هەمانکاتدا وابڕیارە ئەم هەفتەیەش پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆببنەوە، بۆ ئەوەی قسە لەسەر بارودۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە تاوتویێ بکەن، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سیاسیی ئێستای کوردستان و چەند پرسێکی دیکە، گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وتەبێژی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ناوخۆی کوردستان، هەندێك دەڵێن هەتا ئێستاش ئەو چەقبەستووییە هەر بەردەوامە و هەندێکیش دەڵێن جۆرێك لە کرانەوە دروست بووە، ئایا لە نێوان ئەم بۆ دووچوونە جیاوازە ئێوە چی دەڵێن؟**

- لەدوای ئەو دەستپێشخەرییەی سەرۆك بارزانی کە نوێنەری خۆی ناردۆتە لای لایەنە سیاسییەکان و هەتا ئێستاش کۆتایی نەهاتووە، ئەوا بە خوێندنەوەی ئێمە چەقبەستووییەکە بەرەو کرانەوە دەچێت، لەبەر ئەوەی جۆرە نەرمییەك لە هەموو لایەنەکانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسیدا بەدی دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئامادەباشی بۆ گفتوگۆ و یەکتربینین و کۆبوونەوە هەیە بۆ ئەوەی رێگەچارەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدۆزینەوە، تەنانەت رۆژی چوارشەممەی رابردوو بڕیار بوو ئێمە و یەکێتی پێکەوە کۆببینەوە، بەڵام بەهۆی هەندێك پرسی تایبەت بە یەکێتی-یەوە، بڕیارە ئەم هەفتەیە کۆببینەوە، کەواتە ئەگەر واقیعییانە بارودۆخەکە بخوێنینەوە، ئەوا چەقبەستوویی بەرەو کرانەوە دەچێت، بەڵام هەندێك کادر لە ناو حزبەکان هەن، ئومێدیان ئەوەیە بارودۆخە زیاتر بەرەو چەقبەستوویی بچێت، هەر بۆیە کاتێك قسە دەکەن، ئەوە خوێندنەوەی خۆیانە و دەیانەوێت بەسەر واقیعەکەدا فەرزی بکەن، دیارە ئەو جۆرە خەڵکانەش بەتەنگ پرۆسەی سیاسی کوردستان و یەکڕیزیی نیوماڵی کورد نین بۆ ئەوەی کرانەوەیەك دروست بێت و بارودۆخەکە بەرەو قۆناخێکی دیکە هەنگاو هەڵبگرێت.

*** ئایا ئەم ئامادەباشییە بۆ کۆبوونەوە و گفتوگۆ لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە هەیە؟**

- بەڵێ هەموو لایەنەکان ئامادەباشییان هەیە بە بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە.

**ئەگەر سەرۆک راستەوخۆ متمانە لە گەلەوە وەربگرێت، هاوسەنگیی سیستمە سیاسییەکە رادەگرێت و پرۆسەی دیموکراتی باشتر لە وڵاتدا رەگ دادەکوتێت**

**متمانەی پارتی بە درێژایی مێژووی خۆی لە ئیرادەی خەڵکی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوجا ئەو ئیرادەیە هەر بڕیارێک بدات، ئێمە بە شانازییەوە جێبەجێی دەکەین**

*** ئاماژەتان بەوە کرد کە دوای دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی ئەم زەمینەیە هاتۆتەئاراوە، ئایا ئەو دەستپێشخەرییە لەسەر چ بنەمایەك ئاراستەی حزبەکان کراوە؟**

- ئەم دەستپێشخەرییە لە هەستکردنی سەرۆك بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بەو فرسەتە مێژووییەی بۆ کوردستان هاتۆتەپێشەوە سەرچاوەی گرتووە، هەر بۆیە سەرۆك بارزانی بە پێویستی دەزانێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەحەددییەکان و قۆستنەوەی ئەم دەرفەتەی بۆ کورد هەڵکەوتووە، هەموو لایەنە سیاسییەکان یەکڕیز و یەکهەڵوێست بن، بۆ ئەوەی هەموومان پێکەوە بتوانین کێشەی ئەم قۆناخە تێپەڕێنین و بەرەو هێنانەدی ئامانجە نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان هەنگاوی یەکلاکەرەوە هەڵبگرین. بۆیە بۆ سوودوەرگرتن لەو دەرفەتەی هاتۆتە پێشەوە ئەگەر یەکگرتوو و یەکهەڵوێست و یەکگوتار نەبین، ئەوا لەوانەیە ئەم دەرفەتە لەدەست بدەین و دەرفەتی لەمجۆرەش زۆر زەحمەتە لە ئایندەیەکی نزیکدا بۆ کوردستان بێتە پێشەوە.

*** بەڵام ئەو ئامانجە پێویستی بە میکانیزمێك هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت کێشەکانی پێ چارەسەر بکرێت، ئایا بەرنامەیەك هەیە بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان؟**

- ئێمە دەبێت ئەو راستییە فەرامۆش نەکەین، کە هەر حزبێکی سیاسی ئەجیندا و خوێندنەوە و بۆچوونی جیاوازی هەیە بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام لە هەمانکاتدا لە نێوان هەموو حزبە سیاسییەکانیشدا کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش هەیە کە هەموومان پێکەوە کۆدەکاتەوە، هەر بۆیە بەرنامەی راست ئەوەیە حزبەکان دەست بکەن بە گفتوگۆ و کۆبوونەوە بکەن بۆ ئەوەی

پارێزگاری لە خاڵە هاوبەشەکان بکەین و دەروازەیەك بۆ چارەسەرکردنی خاڵە جیاوازەکان بدۆزینەوە و بگەینە خاڵێك کە هەموومان لەسەری ڕێکبکەوین، کە گەیشتینە ئەم قۆناخە ئیدی ئەمە مانای ئەوەیە هەموولایەك گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت مەسەلەی یەکتری شکاندن لەخەیاڵی هەموو لایەك بێتە دەرەوەو تەنیا ڕێگە بریتییە لە دیالۆگ و لە یەکتری تێگەیشتن و ڕێککەوتن.

*** ئەم بۆچوونەی ئێوە لە دیوێکەوە ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەیە چاو بە داخوازییەکانی پێشانی خۆی بەرامبەر بزووتنەوەی گۆڕان بخشێنێتەوە؟**

- جەنابی سەرۆك کە نوێنەری خۆی ناردۆتە لای حزبە سیاسییەکان، پێشنیاری ئەوەی کردووە حزبەکان پێکەوە کۆببنەوە و بەدیالۆگ کێشەکانیان چارەسەر بکەن، ئێمەش وەك پارتی لەم ڕوانگەیەوە ئامادەین دابنیشین و گفتوگۆ بکەین و واقیعی ئێستای کوردستانیش وەك ئێستا دەخوێنینەوە، نەك وەك ڕابردوو، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە ئەگەر هەموو واقیعی ئێستا چڕبکەینەوە لەسەر ٢٣ی حوزەیران و ١٩ی ئاب و ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥، ئەوا لەبری ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکەین، کێشەی دیکە بۆ خۆمان دروست دەکەین، ڕاشکاوانەتر نابێت هیچ لایەکمان خۆی بکاتە دیلی پارچەیەك لەو ڕووداوانە، ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان خۆمان ناکەینە دیلی بەشێك لەو شتانەی لە ڕابردوو ڕوویانداوە و ئومێدەواریشین لایەنەکانی دیکەش هەروا بن و پێدانەگرن لەسەر هەڵوێستێك کە خۆیان پێیان وابووە دەبێت وابێت، یان مەزندەیان وا بوو بێت ئەوەی ئەوان بیریان لیکردۆتەوە، دەبێت وەك خۆی بێتەدی، بۆیە ئەگەر هەموو لایەکمان بە ئەقڵییەت و بۆچوونێکی تازە گفتوگۆ بکەین، ئەوا دەتوانین چارەسەرێك بۆ کێشەکان بدۆزینەوە.

*** ئەگەر ڕاشکاوانەتر دەست بخەینە سەر کێشەکان، دیارە پێشتر گۆڕان داوای دەکرد بگەڕێنەوە بۆ پێش ١٢ی ئۆکتۆبەر، ئێوەش داواتان دەکرد دەبێت سەرۆکی پەرلەمان بگۆڕدرێت، ئایا لەم خاڵەدا ئێوە بژارەی دیکەتان دروستکردووە؟**

- ئێمە کە گوتوومانە دەبێت هەندێك گۆڕانکاری لە پەرلەماندا بکرێت، لە ڕوانگەی بەخەمەوەبوون بووە بۆ ئەم دامەزراوە گرنگەی کوردستان، ئێستاش ئێمە دەڵێین نەدەبوو پەرلەمانی کوردستان بکرێتە بەشێك لە کێشەی سیاسیی نێوان حزبەکان، سەرۆکی پەرلەمانیش دەیتوانی ئەو ڕۆڵە بگێڕێت و نەهێڵێت پەرلەمان ببێتە بەشێك لەو کێشەیە، بەڵام بەداخەوە سەرۆکی پەرلەمان نەك هەر ئەو ڕۆڵەی نەگێڕا، بەڵکو خۆی بووە فاکتەرێك و کێشەی نێوان حزبەکانی قووڵتر کردەوە. دیارە هەموولایەك ئاگادارن کە شەوی ١٩/١٨ی ئابی ٢٠١٥، حزبە سیاسییەکان بە میانگیریی ئەمریکاو بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان هەتا کاتژمێر ٧ی بەیانی ١٩ی ئاب کۆبوونەوە و گەیشتنە ئەو ڕێککەوتنەی دانیشتنی ڕۆژی ١٩ی ئابی ٢٠١٥ پەرلەمان نەکرێت، بۆ ئەوەی بوارێکی زیاتر لەبەردەم حزبەکان هەبێت و بگەنە ڕێککەوتنێك، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند من هەر ئەو کۆبوونەوەیە دەکەم، ئەوە بوو هەوڵیدا کۆبوونەوەکە بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی نیسابی یاسایی بۆ تەواو نەبوو، شکستی هێنا، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە ئەگەر بیرکردنەوەی سەرۆکی پەرلەمان بێت، ئەوا زیان بە شکۆی پەرلەمان و تەواوی حزبەکانیش دەگەیەنێت، بۆیە نابێت کەسی لەو جۆرە سەرۆکی پەرلەمان بێت، ئێمە لەم ڕوانگەیەوە ئەم قسەیەمان کردووە و ئەگەرنا ئێمە هیچ شتێکمان لەسەر شەخسی یوسف محەمەد نییە.

*** ئایا پارتی ڕازی دەبێت سەرۆکایەتی پەرلەمان هەر لای گۆڕان بێت و کەسێکی دیکە لە جێگەی یوسف محەمەد دابنرێت؟**

- کاك یوسف زیاتر ئەمرۆ ئەجینداى بزووتنەوەی گۆڕانی جێبەجێ کردووە، چونکە ئەگەر وانەبوایە ئەوەندە پێداگری لەسەر هەندێ کۆبوونەوە و پڕۆژە نەدەکرد، بۆیە دەبێ تێڕوانینی گۆڕان بە شێوەیەکی گشتی بگۆڕدرێ بۆ بابەتە خیلافییەکان و هەوڵی ڕەفزی بەرامبەرەکەی نەدات، بۆیە ئەگەر ئەم برادەرەش بگۆڕدرێ و کەسێکی دیکەش لە جێی دابنرێت، بەڵام نەهجی بزووتنەوە بۆ چارەسەری کێشەکان وەکو ئەو ڕووداوانەی پێشوو بێت، هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێت.

*** ئایا تا ئێستا لە نێوان پارتی و گۆڕاندا هیچ کەناڵێکی گفتوگۆ و قسەکردنتان هەیە؟**

- هەتا ئێستا گفتوگۆی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان لەچوارچێوەی ئەو لیژنە سێ قۆڵییە هاوبەشە بووە کە لە کۆبوونەوەی ١٧ حزبەکە بڕیاری لێ درابوو.

*** ئەی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان؟**

- لەگەڵ یەکێتی بەردەوام لەسەر خەتین، چ بە دانیشتن، یان بە تەلەفۆن.

**جەنابی سەرۆک پێویستی بە پۆست و پلە نییە، ئەو مسعود بارزانی-یە و پێشمەرگەی کوردستانە و پێشمەرگایەتی لە هەموو پلە و پۆستێک لا گەورەترە و ئەوە کورسییەکەیە کە پێویستی بە جەنابیان هەیە**

**سەرۆک بارزانی بە پێویستی دەزانێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددییەکان و قۆستنەوەی ئەم دەرفەتەی بۆ کورد هەڵکەوتووە، هەموو لایەنە سیاسییەکان یەکڕیز و یەکهەڵوێست بن، بۆ ئەوەی هەموومان پێکەوە بتوانین کێشەی ئەم قۆناخە تێپەڕێنین و بەرەو هێنانەدی ئامانجە نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان هەنگاوی یەکلاکەرەوە هەڵبگرین**

**لەدوای ئەو دەستپێشخەرییەی سەرۆک بارزانی کە نوێنەری خۆی ناردۆتە لای لایەنە سیاسییەکان و هەتا ئێستاش کۆتایی نەهاتووە، ئەوا بە خوێندنەوەی ئێمە چەقبەستووییەکە بەرەو کرانەوە دەچێت، لەبەر ئەوەی جۆرە نەرمییەک لە هەموو لایەنەکانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسیدا بەدی دەکرێت**

**پەکەکە ئەو ئالایەی بەرزکردۆتەوە کە دژایەتی نەک تەنیا پارتی، بەڵکو هەموو حزبەکانی کوردستانی بکات، هەتا ئێستاش ددان بە کیانی هەرێمی کوردستان و یاساکانی و پەرلەمان وحکومەتی کوردستاندا نانێت، هەروەها پەکەکە بڕوای بە سەربەخۆیی کوردستان نییە و بە ئاشکرا بەرگری لە یەکپارچەیی عێراق دەکات**

**یاسا بەرپرسە لەوەی بڕیار بدات کێ گەندەڵە و کێ گەندەڵ نییە، وەک وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشتریش ئەوەم گوتووە، ئێمە وەک پارتی نەک بەرگری لە کەسێک ناکەین کە لە گەندەڵی تێوەگلابێت، بەڵکو چەندی پێمان بکرێت پاڵپشتی یاسا دەبین و لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی سەرۆکدا هاوکاری دادگا دەکەین بۆ ئەوەی ئەو بڕیارەی دەریکردووە جێبەجێ بکرێت**

*** ئێوە وەك پارتی ڕەتتانکردەوە پێشوازی لە شاندی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی بکەن، ئێستاش باسی ئەوەت کرد، ئەم هەفتەیە لەگەڵ شاندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆدەبنەوە، ئایا ئەم وەرچەرخانە چۆن دروست بوو؟**

- پارتی و یەکێتی لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی هاوپەیمانییەتێکمان هەیە، ماوەیەك پێش ئێستا بە فەرمی داوامان لە یەکێتی کرد کە بە ئێمە و خەڵکی کوردستانیش بڵێت، ئایا باوەڕتان بە ڕێککەوتنی ستراتیژی لە نێوان پارتی و یەکێتی ماوە، ئەوە بوو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی وەڵامی دایەوە گوتی: بەڵێ، باوەڕمان پێیەتی و ئەو ڕێککەوتنە بە فەرمی کۆتایی نەهاتووە، ڕاستە ئەو ڕێککەوتنە بۆ ئێستا پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە و دووساڵ پێش ئێستاش هەردوولامان بڕیارمان داوە ئەو پێداچوونەوەیە بکەین، بەڵام تائێستا بەفەرمی کۆتایی پێنەهێنراوە، بۆیە ئێمە جیا لەو کێشانەی لەگەڵ گۆڕان هەمانە، بەڵام هەتا ئێستا پێوەندی دووقۆڵیمان لەگەڵ یەکێتی هەیە، هەربۆیە ئەگەر ئەم دوولایەنە ببنەوە یەکیش، ئەوا دیسان دەبێت لەسەر شێوازێکی تازە ڕێکبکەوین، بۆیە ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێتی ئیمزا کردووە، ئەوا ئێمەش هاوپەیمانیمان لەگەڵ یەکێتی هەیە، پێشتریش گۆڕان ڕەخنەی زۆر توندی لەسەر هاوپەیمانی ئێمە و یەکێتی هەبووە و چەندی توانیویەتی قسەی پێ گوتووە و ناشیرینی کردووە، بۆیە ئاساییە ئێمەش ڕەخنەمان هەبێت، ڕەخنەی ئێمەش قسەی سووك و ناشرینکردنی هاوپەیمانی نێوانیان نییە، بەڵکو ئێمە گوتوومانە ئەگەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان خۆتانە دەستخۆشیتان لێدەکەین، بەڵام ئەگەر بتانەوێت ئەم ڕێککەوتنە بکەنە نەخشەی ڕێگە بۆ هەموو کوردستان و بەسەر لایەنەکاندا فەرزی بکەن، ئەوا ئێمە ڕەتی دەکەینەوە.

*** دیارە بۆ کۆبوونەوەی ئەم هەفتەیەی پارتی و یەکێتی، هەردوولاتان بەرنامەیەکتان ئامادە کردووە، ئایا بە نیازن لەم کۆبوونەوەیە باسی چی بکەن؟**

- بەنیازین باسی بارودۆخی ئێستای کوردستان و عێراق و پێوەندییەکانمان لەگەڵ دەوروبەر و جیهان بکەین .

*** ئەمانە شتی گشتین، ئایا لەسەر دووبارە چالاککردنەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوانتان قسە دەکەن؟**

- لەسەر ئەمەش قسە دەکەین، هەروەها باس لەوە دەکەین چۆن پێکەوە ئەم قەیرانانە تێپەڕێنین، چۆن پێکەوە ڕایەڵەیەك لەنێوان هەموو حزبەکان دروست بکەینەوە، ئایا ڕۆڵی ئێمە و یەکێتی چۆن دەبێت لە شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکاندا.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کرۆکی کێشەکانی نێوان پارتی و گۆڕان، ڕاشکاوانە بزووتنەوەی گۆڕان کێشەکە بەوجۆرە لە ڕاگەیاندن دەخاتەڕوو کە سەرۆك بارزانی واز لە کورسییەکەی ناهێنێت و کێشەکە کورسییەکەی سەرۆکە، ئایا ئەمە کرۆکی کێشەکەیە، یان گۆڕان دەیەوێت بەمە پەردەپۆشی کێشە سەرەکییەکە بکات؟**

- ئێمە بەردەوام کێشەمان لەگەڵ برادەرانی گۆڕان و هەندێك خەڵکی دیکە ئەوە بووە کە ڕاستەوخۆ لەسەر کێشەکان قسە بکەین، نەك لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە قسەکانی خۆمان بکەین، ئێمە کە لەسەر چوار ساڵی ئارامی بۆ کوردستان ڕێککەوتین، لەسەر ئەو بنەمایە بوو مەبەستمان بوو ڕاستەوخۆ لەسەر کێشەکان قسە بکەین، نەك لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە قسە لەگەڵ یەکتری بکەین، ئێمە ئەو کاتیش دەمانزانی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان خوێندنەوە و بۆچوونی جیاوازمان هەیە، بەڵام پێمانوابوو کۆمەڵێك خاڵی هاوبەشیش پێکەوە کۆمان دەکاتەوە، بۆیە ئێمە پێمانوابوو لەبەر ئەوەی خاڵی هاوبەشمان هەیە دەتوانین گفتوگۆ لەسەر جیاوازییەکانیشمان بکەین و وردە وردە دەروازەیەك بدۆزینەوە بۆ چارەسەرکردنیان، بەڵام بەداخەوە برایانی گۆڕان نەك نەیانتوانی چوار ساڵ پابەند بن، بەڵکو دووساڵیشیان تەواو نەکرد و نەیانتوانی ئەو ڕیککەوتنەی کردوومانە جێ بەجێی بکەن. کێشەی ئەمجارەشیان لەسەر سیستمی سیاسیی کوردستانە، ئەوان بۆچوونێکیان هەیە و ئێمەش بۆچوونێك، بەڵام هیچ لایەك بۆی نییە بۆچوونی خۆی بەسەر لایەکەی دیکەدا فەرز بکات.

*** مەسەلەی سیستمی سیاسی و یاسای سەرۆکایەتی ئەوە بۆ سەرۆکی داهاتووی هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئەوان دەڵێن کێشەکە ئەوەیە سەرۆك بارزانی واز لە پۆستەکەی ناهێنێت، ئایا ئەمە ڕاستە، یان چەواشەکردنی گۆڕانە؟**

- سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بانگهێشتی ١٧ حزبی کوردستانی کرد (ئەوانەی لە پەرلەمان و حکومەت بەشدارییان هەیە) ئێمەش وەك پارتی دیموکراتی کوردستان لەو کۆبوونەوەیە

ئامادەبووین، بەڵام کۆمەڵ و گۆڕان نەهاتن بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، لەو کۆبوونەوەیەدا جەنابی سەرۆك سێ پێشنیاری خستە بەردەمی هەموو حزبەکان و پێی گوتن:

١. ئێوە و هەموو ئەو حزبانەی کە لە کوردستاندا مۆڵەتی یاسایی کارکردنیان هەیە، پێکەوە لەسەر کەسێك ڕێکبکەون بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەربگرێت، منیش بۆ ماوەی ٢-٣ مانگ لە بەرەکانی شەڕ و پەیوەندییەکانی کوردستان و دەرەوە هاوکاری دەکەم، بۆ ئەوەی بتوانێت ئیشەکانی بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بەرێت.

٢. ئەگەر بەمەش ڕازی نابن، فەرموون با هەڵبژاردن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم بکرێت و من خۆم کاندید ناکەم و هەر کەسێك متمانەی گەلی کوردستانی وەرگرت، ئەوا منیش وەك ئێوە پیرۆزبایی لێدەکەم.

٣. ئەگەر لەسەر کەسێکیش ڕێکناکەون و ناشتوانن هەڵبژاردن بکەن، ئەوا لێگەڕێن تا هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوو کارەکان بە باشی بەڕێوەبچن، تا هەڵبژاردن دەکرێت، ئەو کاتی با ئەم پرسە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە یەکلایی بکرێتەوە.

دوای ئەم سێ ڕێگەچارەیە سەرۆك بە هەموولایەکمانی گوت، ناکرێت شەڕێکی گەورەی وەك شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش یەخەی کوردستانی گرتبێت، ئەم پۆستە بە خاڵی بمێنێتەوە، هەروەها گوتی: جیا لەوەی من سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانم، بەڵام من وەك هاووڵاتییەکی ئەم کوردستانە چۆن ڕێگە دەدەم ئەو تیرۆریستانە هەوڵبدەن کوردستان داگیربکەن و من بەرسنگیان پێ نەگرم. لەمەش زیاتر پێی گوتین من دەستم بە کورسییەکەمەوە نەگرتووە، لەباری واقیعیشدا جەنابی سەرۆك پێویستی بە پۆست و پلە نییە، ئەو مسعود بارزانی-یە و پێشمەرگەی کوردستانە و پێشمەرگایەتی لە هەموو پلە و پۆستێك لا گەورەترە و ئەوە کورسییەکەیە کە پێویستی بە جەنابیان هەیە.

*** باشە ئەوا زانیمان پارتی و گۆڕان کێشە لەنێوانیان هەیە، بەڵام لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی چ کێشەیەکتان هەیە؟**

- لە ڕاستیدا تا ئێستاش تێنەگەیشتووین لەوەی کە کۆمەڵ بۆچی ئەو هەڵوێستەی وەرگرتووە، هەڵوێستێك کە وەك دەڵێن (کەوچك لە ئاگرەکە گەرمترە)، ئەگینا هیچ کێشەیەك لە نێوان ئێمە و کۆمەڵ ڕووی نەداوە، زۆر شتیش هەبووە، چاومان لێ پۆشیوە بۆ ئەوەی ئەوان بە خۆیاندا بچنەوە. تۆ سەیری تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنەکانی کۆمەڵ بکەن بزانن لە ڕۆژی ١٦ی ئاب کە ساڵیادی دامەزراندنی پارتییە، لەبری ئەوەی پیرۆزبایی لە پارتی بکەن، چەند قسەی زبر و ناشیرینیان بە پارتی و سەرۆك بارزانی گوتووە، بۆیە ئێستاش نازانین کۆمەڵ بۆ وادەکات، بەڵام کەیفی خۆیانە، لەوانەیە ئەوان ئەمە بە هەڵمەتی هەڵبژاردن بزانن و بە بۆچوونی خۆیان قازانج لەم ئاراستەیە دەکەن، با بزانین دەگەنە کوێ. بۆیە لەو کردەوە و هەڵوێستەیان تێناگەین، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە دەزانین تووتی ئاسا ئەوەی گۆڕان دەیڵێت، ئەوان دووبارەی دەکەنەوە، هەر بۆ زانیاریتان دوای کۆبوونەوەی ١٧ حزبەکە ئەوە بوو لیژنەیەکی سێ قۆڵی لە پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو پێکهات بۆ ئەوەی سەردانی حزبەکان بکەین، ئێمە یەکەمجار چووینە بارەگای سەرەکیی گۆڕان لە گردی زەرگەتە، پاشان چووین بۆ مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵ لە سلێمانی، سەیرمان کرد هەمان ئەو قسانەی لە گردی زەرگەتە گوێمان لێ بووە، ئەوانیش هەمان قسە دووبارە دەکەنەوە. ئێمە لە شاندەکە سەیری یەکتریمان کرد و وتمان بمانزانیایە نەدەهاتینە ئێرە لەبەر ئەوەی ئەو قسانەمان لە بارەگای گۆڕان گوێ لێ بووە.

*** ئەی لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی پەیوەندیتان چۆنە؟**

- لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی هیچ کێشەیەکمان نییە، دیدار و کۆبوونەوەمان هەبووە، ئێمە سەردانمان کردوون، ئەوانیش سەردانی ئێمەیان کردووە، بە ڕاستیش یەکگرتوو لە خەمی ئەوەدایە چارەسەرێك بدۆزرێتەوە، هەتا ئەو دەستپێشخەرییەی مامۆستا سەلاحەدین بەهادین ئەمینداری گشتی یەکگرتوو بۆ ئەو مەبەستە بوو، بەڵام گۆڕان و کۆمەڵ شکستیان پێ هینا، بەتایبەتی کۆمەڵ کە لایەنی سەرەکی بوو لە شکستپێهێنانی ئەو دەستپێشخەرییە.

*** کاتێك باسی کێشەی سیستمی سیاسی دەکرێت و دەڵێن پارتی و گۆڕان لەسەر ئەمە کێشەیانە، ئایا کێشەکە لەسەر چییە؟ ئایا ئەوەی گۆڕان دەڵێت دەبێت پەرلەمانی بێت، پارتی بڕوای بە سیستمی پەرلەمانی نییە؟**

- ئێستا سیستمی سیاسیی وڵات لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان چۆن نووسراوەتەوە؟

**ئێمە و یەکێتیش قەناعەتمان وایە و ئەمەشمان ئیقرار کردووە، نە ئێمەش و نە یەکێتیش هەتا ئەگەر بە تەنیاش بتوانین حکومەت دروست بکەین، ئەوا بەبێ هاوبەشی پارتی و یەکێتی ئەو ئەزموونە سەرکەتوو نابێت، گۆڕان خۆی تاقیکردەوە بە زۆرینە و کەمینە ئەم پرسە یەکلایی بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی شکستیشی هێنا، بەڵام کێشەیەکی گەورەشی بەدوای خۆیدا درووستکرد**

**هیچ حزبێک لە کوردستان زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی بەدەست نەهێناوە، بۆیە سەرۆکی داهاتووی هەرێمی کوردستان هەر کەسێک بێت، ئەوا بۆچوونی پارتی ئەوەیە کە دەبێت خەڵکی کوردستان ڕاستەوخۆ متمانەی پێ بدات**

**هەڵبژاردنی سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە سیستمەکە ناگۆڕێت، چەندین نموونەشمان هەیە، لە وڵاتانی نەمسا، ئیرلەندا و چەندین وڵاتی دیکە سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، بەڵام سیستمەکە پەرلەمانییە، هەر بۆ زیاتر روونکردنەوە لەسەر ئەم پرسە ئێمە بۆ ئەوەی ئەم پرسە نەبێتە کێشە گوتوومانە، ئەم جیاوازییە بخەینە راپرسییەوە و خەڵکی کوردستان کامیانی پەسەند کرد، با خەڵک یەکلایی بکاتەوە**

**یەکگرتوو لە خەمی ئەوەدایە چارەسەرێک بدۆزرێتەوە، هەتا ئەو دەستپێشخەرییەی مامۆستا سەلاحەدین بەهادین ئەمینداری گشتی یەکگرتوو بۆ ئەو مەبەستە بوو، بەڵام گۆڕان و کۆمەڵ شکستیان پێ هێنا، بەتایبەتی کۆمەڵ کە لایەنی سەرەکی بوو لە شکستپێهێنانی ئەو دەستپێشخەرییە**

**دوای کۆبوونەوەی ١٧ حزبەکە ئەوە بوو لیژنەیەکی سێ قۆڵی لە پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو پێکهات بۆ ئەوەی سەردانی حزبەکان بکەین، ئێمە یەکەمجار چووینە بارەگای سەرەکیی گۆڕان لە گردی زەرگەتە، پاشان چووین بۆ مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵ لە سلێمانی، سەیرمان کرد هەمان ئەو قسانەی لە گردی زەرگەتە گوێمان لێ بووە، ئەوانیش هەمان قسە دووبارە دەکەنەوە**

بێگومان نووسراوە سیستمی سیاسی، سیستمێکی پەرلەمانی دیموکراتی و کۆمارییە، بەڵام کێشەکە لەسەر ئەوەیە، ئەوان دەڵێن ئەگەر سەرۆك راستەوخۆ هەڵبژێردرێت، ئەوا سیستمەکە پەرلەمانی نییە و دەبێت لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، ئێمەش دەڵێین هەڵبژادنی سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە سیستمەکە ناگۆڕێت، چەندین نموونەشمان هەیە، لە وڵاتانی نەمسا، ئیرلەندا و چەندین وڵاتی دیکە سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، بەڵام سیستمەکە پەرلەمانییە، هەر بۆ زیاتر روونکردنەوە لەسەر ئەم پرسە ئێمە بۆ ئەوەی ئەم پرسە نەبێتە کێشە گوتوومانە، ئەم جیاوازییە بخەینە راپرسییەوە و خەڵکی کوردستان کامیانی پەسەند کرد، با خەڵك یەکلایی بکاتەوە، زیاد لەمەش لە کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکاندا ئەو پێشنیارەشمان کرد، با پەرلەمانی داهاتوو ئەم پرسە چارەسەر بکات، بەڵام بە مەرجێ لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بە خەڵکی کوردستان دەڵێین پەرلەمانی کوردستان جیا لە سێ ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی (یاسادانان، متمانەدان بەحکومەت، چاودێریکردن) ئەم ئەرکەشی دەبێت و ئەم پرسەش پەرلەمان یەکلایی دەکاتەوە، بەڵام گۆڕان سوورە لەسەر رای خۆی و دەیەوێت فەرزی بکات، ئەو زەمەنەش بەسەرچووە هیچ لایەك بتوانێت شتی خۆی بەسەر بەرامبەرکەیدا فەرز بکات.

*** باشە خۆ پارتی ٦٠ کورسی پەرلەمانی نییە، پارتی ٣٨ کورسی هەیە، بۆچی بەمجۆرە پێداگیری لەسەر هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەرۆك بکات، بەپێچەوانەوە پارتی هەموو کاتێك دەتوانێت زۆرینەی پەرلەمانی مسۆگەر بکات، ئایا بۆ پارتی باشتر نییە سەرۆك لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت؟**

- ئەمە کرۆکی پرسەکەیە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پارتی هێندەی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانی لا مەبەستە بەرژەوەندی خۆی لا مەبەست نییە، هەروەها مەسەلەکەش پەیوەست نییە بە سەرۆك بارزانی کە ئێستا لەو پۆستەیە، بەڵکو مەسەلەکە سەرۆکی داهاتووی هەرێمە، ئاشکراش نییە کە گەلی کوردستان متمانەی خۆی بە کێ دەدات، چونکە وەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد، هیچ حزبێك لە کوردستان زۆرینەی رەهای دەنگەکانی بەدەست نەهێناوە، بۆیە سەرۆکی داهاتووی هەرێمی کوردستان هەر کەسێك بێت، ئەوا بۆچوونی پارتی ئەوەیە کە دەبێت خەڵکی کوردستان راستەوخۆ متمانەی پێ بدات.

*** ئەمە لەوە دەچێت پارتی بە مسۆگەری بزانێت ئەو پۆستە دەباتەوە و لایەنەکانی دیکە بزانن دەیدۆڕێنن، ئایا متمانەی پارتی لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- متمانەی پارتی بە درێژایی مێژووی خۆی لە ئیرادەی خەڵکی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوجا ئەو ئیرادەیە هەر بڕیارێك بدات، ئێمە بە شانازییەوە جێبەجێی دەکەین. من دووبارەی دەکەمەوە لە پرۆسەی دیموکراتیدا پۆستەکان بۆ هیچ لایەك مسۆگەر نین، هەتا ئەو کاتەی سندوقەکانی دەنگدان دەکرێنەوە، بەڵام بۆچوونی پارتی ئەوەیە ئەگەر سەرۆك راستەوخۆ متمانە لە گەلەوە وەربگرێت، هاوسەنگیی سیستمە سیاسییەکە رادەگرێت و پرۆسەی دیموکراتی باشتر لە وڵاتدا رەگ دادەکوتێت. بۆیە ئەوەندەی ئایندەی سیستمە سیاسییەکە لای پارتی گرنگە، ئەوەندە پۆستەکە گرنگ نییە، لەمەش زیاتر لەگەڵ ئەوەی پرۆسەی دیموکراتی بریتییە لە زۆرینە و کەمینە، بەڵام ئێمە و یەکێتیش قەناعەتمان وایە و ئەمەشمان ئیقرار کردووە، نە ئێمەش و نە یەکێتیش هەتا ئەگەر بە تەنیاش بتوانین حکومەت دروست بکەین، ئەوا بەبێ هاوبەشی پارتی و یەکێتی ئەو ئەزموونە سەرکەوتوو نابێت، گۆڕان خۆی تاقیکردەوە بە زۆرینە و کەمینە ئەم پرسە یەکلایی بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی شکستیشی هێنا، بەڵام کێشەیەکی گەورەشی بەدوای خۆیدا دروستکرد.

*** لایەنێکی دیکە کە خەڵك چاوەڕێی دەکات مەسەلەی ئەو پرۆسەی چاکسازییەی سەرۆکە کە بەشێکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەگرێتەوە، ئایا تاچەند لە ناو پارتی ئەم چاکسازییانە بەرەو پێشەوە چوون؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان چەند ساڵێك جارێك کۆنگرەی خۆی گرێدەدات، پێش گرێدانی کۆنگرە کۆمەڵێك دیراسات دەکات بۆ ئەوەی لە کۆنگرە گەنگەشەی بکات و بڕیاری لەسەر بدات، دواتر دەبێتە ئاراستەیەك بۆ چۆنیەتی ئیشکردن لەسەریان، سەبارەت مەسەلەی گەندەڵی، ئەم پرسە بەوجۆرە نییە کە خەڵك باسی دەکات، پارتی خۆ پرۆژەی جێبەجێ نەکردووە.

*** بە راشکاوی خەڵك باسی بەرپرسە گەندەڵەکان دەکات، لەناو پارتیشدا لەو جۆرە بەرپرسانە بوونیان هەیە؟**

- دیارە یاسا بەرپرسە لەوەی بڕیاربدات کێ

گەندەڵە و کێ گەندەڵ نیە، وەك وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشتریش ئەوەم گوتووە، ئێمە وەك پارتی نەك بەرگری لە کەسێك ناکەین کە لە گەندەڵی تێوەگلابێت، بەڵکو چەندی پێمان بکرێت پاڵپشتی یاسا دەبین و لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی سەرۆکدا هاوکاری دادگا دەکەین بۆ ئەوەی ئەو بڕیارەی دەریکردووە جێبەجێ بکرێت.

*** دیارە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو گەنجێك لە دهۆك کوژراوە، ئەمەش دەرگای کردەوە بۆ ئەوەی هەندێك لایەن بەتایبەتیش پەکەکە دەستی تۆمەت بۆ پارتی درێژبکات، ئایا ئێوە وەك پارتی هەڵوێستتان لەسەر کوشتنی ئەو گەنجە چییە؟**

- پێش هەموو شت دەمەوێت ئەوە بڵێم، هەر شتێك لە سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆك و ناوچە کوردستانییەکانی نەینەوا و بەشێکی پارێزگای کەرکووك ڕووبدات، لەبەر ئەوەی پارتی باڵادەستە لەو شوێنانە، ئەوا بمانەوێت، یان نەمانەوێت دەڵێن پارتی بەرپرسیارە و ڕاشکاوانەتر کاریگەری لەسەر ئیدارەی ئەو ناوچانە دەکات کە پارتی تیایدا باڵادەستە. پرسیاری من ئەوەیە ئایا دەکرێت باڵادەستی خۆمان بەکاربهێنین بۆ ئەوەی ناو و ناوبانگی خۆمان ناشیرین بکەین؟ بۆیە هەر کەس و لایەنێك ئەم کارەی کردبێت، ئەوجا پێش ئەوەی بپرسین بۆچی و لەبەرچی و بۆ چ ئامانجێك کردوویەتی، ئێمە ئیدانەی دەکەین و وەك پارتی دژی ئەو کردەوانەین، پاشانیش هەموولایەك هەڵوێستی جەنابی سەرۆکی بینی و حکومەتیش هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە، پاشانیش ئەنجامدەری ئەو تاوانە دەدۆزرێتەوە.

*** بەڵام پەکەکە ئەمەی قۆستەوە بۆ دژایەتی پارتی، ئایا کێشەی پەکەکە لەگەڵ ئێوە چییە؟**

- بەداخەوە پەکەکە ئەو ئاڵایەی بەرزکردۆتەوە کە دژایەتی نەك تەنیا پارتی، بەڵکو هەموو حزبەکانی کوردستانی بکات، هەتا ئێستاش دان بە کیانی هەرێمی کوردستان و یاساکانی و پەرلەمان وحکومەتی کوردستاندا نانێت، هەروەها پەکەکە بڕوای بە سەربەخۆیی کوردستان نییە و بە ئاشکرا بەرگری لە یەکپارچەیی عێراق دەکات، بۆیە کێشەی پەکەکە لەگەڵ هەموو لایەکە، بەڵام هەندێك لایەن وا مەزندەی دەکەن، ئەگەر پەکەکە لە دژی ئێمە بەکار بهێنن، ئەوا ئێمە زیاتر سەخڵەت دەبین، بەڵام وا نییە، پەکەکە چۆن دژایەتی ئێمە دەکات، دژایەتی ئەوانیش دەکات، خۆ لە ساڵی ١٩٩٢ پەکەکە شەڕی لەدژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند و پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان پێکەوە ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی پەکەکە بوونەوە.

*** دیارە ئێستا لە ڕۆژئاواش پەیەدە دەیەوێت هەژموونی دیکتاتۆرییانەی خۆی بەسەر هەموو لایەنەکانی دیکەدا فەرز بکات، پێشتر سەرۆك بارزانی زۆر هەوڵیدا ئەمە ڕوونەدات، چەند جارێکیش بە سەرپەرشتی سەرۆك هەموو لایەنەکانی ڕۆژئاوا کۆبوونەوە و ڕێککەوتنی هەولێر و دهۆك لە نێوانیان ئیمزا کرا، ئێستا پەیەدە بۆ وادەکات و هەڵوێستی پارتی لەسەر ئەم پرسە چییە؟**


هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی و ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی هەولێر و دهۆك بە سەرپەرشتی بەڕێزیان لە نێوان لایەنەکانی ڕۆژئاوا، هەمووی لە پێناوی ئەوە بوو ئەزموونە خراپەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژئاوا دووبارە نەبێتەوە، بۆ ئەوە بوو هەموو لایەنەکان بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی دەستکەوتەکانیان بچەسپێنن و پێکەوە بەرەنگاری دوژمنەکانیان ببنەوە، بەڵام پەکەکە ناهێڵێت ئەم یەکگوتاری و یەکڕیزییە دروست بێت، بۆیە لەو چەوت تێڕوانینەی خۆیانەوە وا هەست دەکەن ئەوان دامەزرێنەری کوردایەتین، ئەوەیان لە بیر خۆیان بردۆتەوە کە لە باشووری کوردستان لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە شۆڕش هەبووە و لە دەستووری ١٩٥٨ی عێراقدا کورد وەك هاوبەش لە عێراقدا دانی پێدانراوە، لە ساڵی ١٩٧٠ ڕێککەوتننامەی ئادار ئیمزا کراوە، کە دان بە مافەکانی کورددا دەنێت، بەڵام پەکەکە لە هەر پارچەیەکی کوردستان حزبێکی دروستکردووە، بۆ نموونە لە باشوور پارتی چارەسەر (دوای ئەوەی شکستی هێنا، ناوەکەیان گۆڕی)، لە ڕۆژهەڵات پژاك، لە ڕۆژئاوا پەیەدە، دەیەوێت بەزۆر هەژموونی خۆی بسەپێنێت، سەبارەت بە ڕۆژئاوا دیارە پەیەدەش وەك پەکەکە بیردەکاتەوە، بۆیە لەچەند ڕۆژی ڕابردوو دەستیان کردووە بە گرتن و زیندانیکردنی ئەوانەی کە سەر بە لایەنەکانی دیکەن، تەنانەت ئیبراهیم بڕۆیان دەرکردووە لەسەر ئەوەی وەك ئەوان بیرناکاتەوە، ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان دژی خۆسەپێنی و تاکڕەوین و دەمانەوێت کۆتایی بەم ڕەفتارانە بهێنن و بگەڕێنەوە بۆ زمانی دیالۆگ و یەکتری قبووڵکردن، لەبەر ئەوەی خۆسەپێنی و تاکڕەوی زیان لە پرۆسەی سیاسی دەدات و هۆکاریکە بۆ ئەوەی دەستکەوتەکان بخاتە مەترسییەوە.

**دەبێ تێڕوانینی گۆڕان بە شێوەیەکی گشتی بگۆڕدرێ بۆ بابەتە خیلافییەکان و هەوڵی ڕەفزی بەرامبەرەکەی نەدات، بۆیە ئەگەر ئەم برادەرەش بگۆڕدرێ و کەسێکی دیکەش لە جێی دابنرێت، بەڵام نەهجی بزووتنەوە بۆ چارەسەری کێشەکان وەکو ئەو ڕووداوانەی پێشوو بێت، هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێت**

**ئەگەر هەموو واقیعی ئێستا چڕبکەینەوە لەسەر ٢٣ی حوزەیران و ١٩ی ئاب و ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥، ئەوا لەبری ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکەین، کێشەی دیکە بۆ خۆمان دروست دەکەین**

**هەندێک کادر لە ناو حزبەکان هەن، ئومێدیان ئەوەیە بارودۆخە زیاتر بەرەو چەقبەستوویی بچێت، هەر بۆیە کاتێک قسە دەکەن، ئەوە خوێندنەوەی خۆیانە و دەیانەوێت بەسەر واقیعەکەدا فەرزی بکەن**

# بنیاتێ ئاڤاکرنا دیموکراسیەتێ ل ئەوروپا وجیاوازی دگەل دەڤەرا ناڤەراست



سومیە سەعید خالد ئامێدی

بۆ گولان نووسیویەتی



دەمێ مروڤ دناڤ لاپەرێت دیروکێ دچیتە خارێ هەر ژ دیروکا رومانیا و هەتا دگەهیتە چەرخێ ناڤەراست و بەرێ خو بدەتێ کا چاوا دیموکراسیەت پەیدا بویە ل ئەوروپا و ئەگەر چ بوون ! کو وەلاتێت دڤەرا ناڤەراست دیموکراسیەت لێ پەیدا نەبویە و شێوازێ بریڤەبرنا وەلاتی دسیستەمەکێ ستەمکاری و دیکتاتوری دهێنە بریڤە برن، ئەڤ وەلاتە بوینە وەلاتێت هەڤوەلاتیا دەردئیخن (البلدان الطاردة لشعوبها) و ئەوروبا بویە وەلاتێن هەڤوەلاتیا بخو ڤەدکێشن (البلدان الجاذبة للشعوب).

یا خویایە ل ئەوروپا کەڤن خو ژ بەری پەیدابونا ئایینێ مەسیحی وەك دڤەرەکا پڕی شەر و ئاریشێت خویناوی بو ئەو شەرو پێکدادان دبەردەوام بوون دناڤبەرێت دڤەرێت جودا جودا بو ماوەکێ گەلەك درێژ بتایبەتی ل سەر گەلەك بنیاتا هەر ژ تایفەگەریێ و رەگەز بەرستیی و تەخ و چینا، شەر و ناکوکیێت هەرێت گرنگ ئەوبون دەمێ کەنیسە هاتیە دابەشکرن (کەنیسا روژهەلات و روژئاڤا) و ئاریشێت ڤان هەردوو کەنیسا و پێکڤەگرێدانا وان دگەل پایتەختێ ئایینێ مەسیحی ل روما کو سەرپەرشتیا هەمی کاروبارێت وەلاتا دکر هەر ژ بچویکترین کار هەتا دگەهشتە دەستهەلاتێ و پەیوەندی بشاهینشاهیێ ڤە. ئەڤا هەنێ نە بتنێ لڤی ئاستی د راوەستیا بەلکی لسەر ئاستێ ئابوری (ئابورێ وەلاتی) و چاوانیا سەرپەرشتیا هەمی سەروەت و سامانێت وەلاتی ل بن دەستهەلاتا کەنیسێ ڤەبوو و شیا ببیتە گرنگترین و زەنگینترین دەزگەه کو بکار و بارێت رێکخستنا ژیانا خەلکی دکر دگەل کارێت شاهاتییێ، ئەڤە بو جهێ نیگەرانیەکا مەزن و بنیاتێ ئاریشا ل گرنگترین وەلات ل ئەوروپا ئەو ژی ئینگلتەرا و فەرەنسا بون، ل ئینگلتەرا کەڤن ل چەرخێت ناڤەراست مەزنترین ئاریشا ململانا لسەر هەمی ئاستا شاهێن ئینگلتەرا دگەل کەنیسێ هەبون ژ لا یەکێ ڤە و دگەل خەلکێ ژ لایەکێ دیڤە چونکی کەنیسا بدەستەکێ پیلاییێ کارێ خو دکر و بچویکترین کار پێتڤی رەزامەندیا وێ بو

ئەڤە لسەر دەمێ پەیدابونا بزاڤا (پەرجانکرنا عەردی- حرکە تسییج الاراضی) ل ئینگلتەرا، ناکوکی و هەڤرکی و ململانێ گەهشتە ئاستەکێ گەلەکێ مەترسیدار دناڤبەرا شاهی و کەنیسێ ئەڤ دژاتیا کیر ل سەر بنیاتێ بەرژەوەندیا ئابوری و دەستهەلاتی بو بو ئەگەر کو شاهێ ئینگلتەرا شیا سەربەخویا خو و وەلاتێ خو براگەهینیت و خو ژ دەستهەلاتداریا روما (کو پایتەختێ سەرەکی یێ ئایینێ مەسیحی) ڤەکێشیت و قورتال کەت و دیسان دەستورەکێ نوی چێکەن کو دەستهەلاتا کەنیسا پیچەك پیچەك ژ ناڤ کاروبارێت هەڤوەلاتیا و دژیانا خەلکی یا سنوردار بیت ئەڤا هەنێ یا هاوتەریب بو دگەل بزاڤێت هاتینە کرن و شورەشێت هاتینە کرن دژی هەژاریێ و ستەمکاریێ و بو ئەگەرێ وێ چەندی کو گڤاشتنێت



**دناڤبەرا ڤی مللەتی و شاهی ژلایەکی ڤە و کەنیسێ ژ لا یەکێ دیڤە. ئەڤ شورەشا هزری شیا سەرکەفتنێت مەزن بدەستخوڤە بینیت و رەنگڤەدانەکا مەزن بو ل هەمی ئەوروبا چونکی شیا سنورەکی بو زەنگینبوونا چینەکێ لسەر حسابا چینەکا دی دانیت**

**هەکە بەراورد بکەین دگەل دەڤەرا ناڤەراست بدرێژاهیا دیروکێ حەتا بەری پەیدابونا ئاینێ ئیسلامەتیێ بتایبەتی ل گزیرتا عەرەبا کو ستایلێ ژیانێ (اسلوب الحیاة) رەنگەکێ کوچەراتیی هوزایەتیێ بو کو هەتا ڤی سەر دەمی یا بەردەوامە ل زوربەی دەڤەرا و هەمی رەنگێت ستەمکاریێ و تەعەدایێ کویلایەتیێ لێ بون و بەردوام بشەرا ڤە دمژویل بون**

مەزن ل دەستهەلاتێ و تەخا سەرمایەدارا هاتنە کرن و شیان یاسایا هەژاریێ (قانون الفقر البريطاني) دەربێخن کو برگەکا گەلەك گرنگ تێدا هاتیە دیار کرن کو هەژاری ئاریشا هەڤوەلاتی بتنێ نینە بەلێ ئاریشا دەولەتێیە و دەولەت ژێ بەرپرسە) لێرە ئەو پەیوەندییێت خراب دناڤبەرا شاهی و هەڤوەلاتیا باشتر لێ هاتن وخورت بون و تێگەهێت یەکسانی بوون و دادپەروەریا جڤاکی برەنگەکێ گەلەك بەرفرەە بەلاڤە بوون لهەمی ئینگلتەرا و دەڤەرێت لبن دەستهەلاتداریا وێ، هەر دیسان ئەڤێ یاسایێ ئەو ململاتێ و جوداکاری (التمييز) دناڤبەرا تەخێت جڤاکی کیم بکەت و خەلك پتر هەست ب هاولاتیبونا خو بکەن. ئەڤا هەنێ یا هاوتەریب بو دکەل شورەشێت فەرەنسا هاتینە کرن کو گوهرینا هزری بخوڤە ڤەگرتبو دژی ستەمکاریی و جوداکاریی دناڤبەرا تەخ و چینێت وی وەلاتی بتایبەتی تەخا سەرمایەدارا کو بشاهی ڤە دگرێدای بون و بەرژەوەندیا وان لسەر هەمی ئاستا بتایبەتی یا ئابوری کو ئەگەرەکێ بنەکی بو بوو پەیدابونا هەژاریێ و نەخوشیا و نەزانینێ کو تەخەکا گەلەك مەزن بخو ڤەدگرت ئەڤە ژ لایەکی ڤە، ژ لایەکێ دیڤە و دیسان دناڤبەرا ڤی مللەتی و شاهی ژلایەکی ڤە و کەنیسێ ژ لا یەکێ دیڤە. ئەڤ شورەشا هزری شیا سەرکەفتنێت مەزن بدەستخوڤە بینیت و رەنگڤەدانەکا مەزن بو ل هەمی ئەوروبا چونکی شیا سنورەکی بو زەنگینبوونا چینەکێ لسەر حسابا چینەکا دی دانیت، و همی کار بهێنە کرن دژی هەژارێی و نەزانینێ و هەتا کار هاتە کرن ژبو گوهرینا گەلەك تشتا دناڤ ئولێ مەسیحی دا و هزرا (ئایین بو خودێیە و وەلات یێ هەمیایە) گەلەك بەلاڤە بو جهێ خو گرت لهەمی دامودەزگەها. ئاها بڤی رەنگی ئەڤان شورەشا ل هەردوو وەلاتێن ئینگلتەرا و فەرەنسا شیان بسەرکەفن و هەتا رادەکێ گەلەکێ بەرفرەە ئازادی یا دەربرینێ و نڤیسینێ و کارکرنێ و چالاکیێت سیاسی جهێ خو گرت دگەل کونترول کرنا هەمی سەروکانییت سەروەت و سامانێت گشتی و سیستەمێ حوکم رانیێ. ئەڤ چەندە پەیدا بو ل وان وەلاتا کو ناڤەندا بریارێ بون ل ئەوروپا سەر وی دەمی، چونکی سێ پشکێت جیهانێ ل بن دەستهەلاتداریا وان بو. هەلبەت ئەڤ چەندە بساناهی نە چێبویە بەلکی ب هزارەها خەلکی وان وەلاتا هاتینە کوشتن و رویبارو جوێت خوینێ چوینە ئەڤە هەمی ببو رێخوشکەرەك بو درستکرنا دەستورێت نوی بو ئاڤاکرنا دەولەتا شارستانی کو یاسا تێدا سەروەر بیت و هەمی مافێت مروڤا بهێنە پاراستن بێی هیچ جوداکاریەك لسەر بنەماییێت (ئولی ورەگەزی و ژیی و رەگێ پیستی و چینایەتی و ئەتنیکی) و هەمی کار و ستراتیجی بو شەرێ دژی هەژاریی و نەخوشیا (پشتی تاعونا رەش نیڤەکا ئەوروپیا ژناڤبرین) و نەزانینێ و گرنگی دان بکەرتێ پەروەردێ و چاڤدیریا کومەلایەتی کو هەردوو بەرپرسن ژ ئاڤاکرنا هەڤوەلاتیەکێ ساخلەم و خودان هزرەکا ساخلەك، نفشەکێ خودان بیرو باوەرێت نوی پەیدا بکەت و کو گرێدا ی بیت ب هەڤوەلاتی بونێ و شارستانێی و پرێ باوەری بمافێ مروڤا هەبیت، لڤێرە پەیوەندیا دناڤبەرا هەڤوەلاتی و دەولەتێ هاتە راستکرت و د بەلەنسەکا یەکساندا جهێ خو گرت، بەروڤاژی ڤێ چەندێ هەکە بەراورد بکەین دگەل دەڤەرا ناڤەراست بدرێژاهیا دیروکێ حەتا بەری پەیدابونا ئاینێ ئیسلامەتیێ بتایبەتی ل گزیرتا عەرەبا کو ستایلێ ژیانێ (اسلوب الحياة) رەنگەکێ کوچەراتیی هوزایەتیێ بو کو هەتا ڤی سەر دەمی یا بەردەوامە ل زوربەی دەڤەرا و هەمی رەنگێت ستەمکاریێ و تەعەدایێ کویلایەتیێ لێ بون و بەردوام بشەرا ڤە دمژویل بون (خێلەك دژی یا دی – نە دژی دەولەتێ یان سیستەمێ حوکمرانیێ) کا چاوا هەر خێلەك خو بهێز ئێخیت و پتر دەستکەفتا بدەستخوڤە ئینیت و نەیا گرنگە چاوا و بوچی، لڤیرە دیار دبیت کو حوکمرانی هەر برێکا میراتگریێ بو و چ خەم نەبو کا ئەو کەسێ دەستهەلات د دەستادا چەند یێ خودان شیانە و یێ ژیرە هەر وەکی ئەوروپا بەلێ ل ئەوروپا گەلەك زی هزرا ئاڤاکرنا دەولەتێ لێ پەیدابویە، لێ پشتی پەیدابونا ئاینێ ئیسلامێ ئەو لایەنگەری کو هەمی بو هوزایەتیێ بو هەمی بو ئاینی چو (ئیسلامەتیێ) و هەر کەسەکێ ئەڤ دلسوزیە بڤی رەنگێ موکم بو ئاینێ ئیسلامێ نەبیت دێ ب (کافر) هێتە نافکرن و ئێکسەر سەربرین سزایێ یە، لڤیرە ئەم دبینین کو ئەو رەنگێت شورەشا ئەوێت ل ئەوروپا هاتینە ئەنجامدان ل دەڤەرا ناڤەراست نەهاتینە ئەنجامدان دناڤبەرا هەڤوەلاتیا و سیستەمی حوکمرانیی بەری بەلاڤبونا ئیسلامەتیێ و پشتی بەلاڤبونا ئیسلامێ و بتایبەتێ ل چەرخێت ناڤەراست بەلکی بتنێ بشەرێت بەلاڤەکرنا ئاینی ڤە دمژویل بون برامانا وێ چەندێ یە کو چ هزر و بزاڤێت نەتەوەیی لدەڤ خەلکێ ڤێ دەڤەرێ سەرێ خو نەهەلدابو و ئەو شەرێت هاتینە کرن ژبو (گوهرینا کەلتورو ئاینێ خەلکی بو) ئەوێت چ برەزامەندی و چ نەبرەزامەندی چوینە ل بن دەستهەلاتداریا ئیسلامێ

و هەر بڤان شەرا شیان سەروەتەکا مەزن پەیدا بکەن برێکا (ئەنفالکرن و حەلال کرنا سامانێت خەلکێ و دیسان سەپاندنا جزیێ) ئەڤە بو ئەگەرەکێ سەرەکی یێ ئاڤاکرنا بنیاتێ ئابوری بەلێ ژ لا یەکێ دیڤە پروسیسا عەرەبکرنێ (تعریب) دەست پیکر و ئەزمان و کەلتورێ عەرەبی بسەپینن ل سەر هەمی خەلکێ بویە موسلمان و وەسا دا نیاسین کو ئەزمانێ پیروزە و هەر چ تشتەك بیت گرێدای بکەلتورێ رەسەنێ ملەتا ڤە هاتە ژناڤبرن.

دیسان دا نیاسین کو چ ئایین ژ بلی موسلمانەتیی دپیروز نینن لڤیرە کێم کێم خەلك هاتە دابەشکرن لسەر بنیاتێ ئاینی و ستەمکاریەکا مەزن هاتە کرن دژی ئاینێت ڤێ دەڤەرێ و ئەو تەخێت نەبوینە موسلمان هاتنە دەرێخستن یانژی حەتا هەنە دڤێت جزیێ بدەن یانژی بهێنە سەرژێکرن و ئەڤ سیستەمە یێ بەردەوام بو هەتا پشتی حوکمرانیا عوسمانیا و پشتی داکیرکرنا ڤێ دەڤەرێ ژلایێ (ئینگلیزی و پشتەڤانیا ئەمریکا پشتی دەرئیخستنا گازێ) ڤە کو بزاڤا وەهابیا ئینا وجودێ کو ئێك ژ ئەگەرێت وێ ئەوبو خەلکەك هیدی هیدی ژ ئاینێ موسلمانا ڤەدبون و دچونە سەر کەلتورێ خو یێ بەرێ بپشتەڤانیا ئینگلنەرا وەهابی دیسان شیان گڤاشتن و کوشتن و جزیێ بسەپینن لسەر خەلکی و شاهینشاهاتی هاتە درستکرن ل گزیرتا عەرەبا کو دبیژنێ نوکە سعودیە، درستە د دەولەتا ئیسلامێ دا رەنگەکێ بەرهنگاریێ هەبو بو هەژاریێ بەلێ هەکە بەراود بکەین دگەل وی رەنگێ ستەمکاریێ و جوداکاریێ و تەعەدایێ و کوشتن و ژناڤبرنا گەلەك خەلکێ بێ گونەە ناهێتە بەلەنس کرن.

لڤێرە دیار دبیت چ رەنگێت پاراستنا مافێت مروڤا و ئازادیا دەربرینێ و پاراستنا ستایلێ ژیانا خەلکی نەبویە و بەلکی بهزارەها خەلکێ چ بکوم بن و چ بکەت بن یێت هاتینە ژناڤبرن لسەر بزاڤێت وان یێت هزری و رەتکرنا تەعدایی و ب ( کافر) یێت هاتینە ل قەلەم دان چونکی بتنێ مەرج ئەو بو (ئاینێ ئیسلامێ هەمی تشتە و تڤێت هەمی دلسوزی بتنێ بو وی بیت و ئەڤ ئایینە لسەر گەپیتکا هەمی ئایینایە).

ئەڤان کریارا ملەتێت دەڤەرا ناڤەراست ژێك جودا کرن، چونکی چ بنەما بو پاراستنا مافێ مروڤا نەما و هەروەسا تەخا شاها و لایەنگەرێت وان هەمی دەستهەلات (سیاسی- ئابوری- جڤاکی – رەوشەنبیری) کەفتە د دەستێت واندا و هەمی لایێت ژیانێ چ بنەماییێت یەکسانیێ نەهاتنە ئاڤاکرن و ئاینێ موسلمانەتی قودسیەتەك بو هاتە درست کرن ل سەر حسابا هەمی ئاینێت ل دەڤەرا ناڤەراست و پیچك پیچك شەرێت بنڤە بنڤە و ل بن پەردا هاتنە ئەنجام دان ژبو ڤالاکرنا گزیرتا عەرەبا ژ ئول و ئاینێت دی چونکی هەمی بزاڤ و چالاکێت وان هاتنە قەدەغەکرن و لبن چاڤدێریا موسلمانا ڤە بون ژبلی شەرما جڤاکی (الوصم الاجتماعی) لسەر وان کەسا هاتە سەپاندن و ژلایێ جڤاکیڤە وەك تەخەکا بێ رەوشت و پیس هاتنە نیاسین و نفشێ نوی ژی لسەر ڤی بنەمای هات ئاڤاکرن و پەروەردەکرن.

هوسا خەلك هاتە دیر ئێخستن ز هزرێت روهن و شوینا کەنیسا مزگەفتا کونترولا ژیانا خەلکێ کر و هزرێت یەکسانیێ و دادپەروەریێ گەلەگ درەنگ گەهشتنە دەڤەرا ناڤەراست لەوما لڤێ دەڤەرێ قەلغانێت ئاڤاکرنا دیموکراسیەتێ د زور بون و دموکم بون، چونکی دبەردەوامیا ١٤٠٠ سالا تەخا ئاینی برێڤە دبەت هەر ئەو بون دەستهەلاتدار و هەتا پشتی درستبونا دەولەتا نوی لڤێ دەڤەرێ هەر تەخا دەستهەلاتداریا ئاینی یا پالپشت بو بو هەر ریژێمەکێ ئەڤ چەندە بو ئەگەر کو بچ رەنگا شورەشێت شارستانی و رەوشەنبیری لڤێ دەڤەرێ سەرێ خو نە هەلدەن وەك پێتڤیەك دژی بێ یەکسانیێ و بێ دادپەروەریێ ومافێ ئازادیا دەربرینا هزری و سیاسی و....هتد چونکی وەسا د دەتە نیاسین هەر بزاڤەکا سەرێ خو هەلدەت پێناسا وێ دژایەتیا ئایینیە و سزا گەلەك یێ قورسە.

لڤێرە ئاستەنگێت ژێك جوداکرنا ئاینی و دەولەتێ هەر دبەردەوامن وهێشتا هزرا ئایین بو خودێیە و وەلات یێ هەمیا یە ب چ رەنگا جهێ خو نەگرتیە و چ سنور بو مایتێکرنا ئاینێ ئیسلامێ دژیانا خەلکی دا نەهاتینە دانان و بزاڤێت دانانا یاسا یەکا نوی یا شارستانی و دیر ژ شەریعەتی گەلەك دلاوازن و بەرهنگاری یا ڤێ چەندێ گەلەك یا مەزنە، و هەر سەروەت و سامانێت ئاینی وەکی خونە و روژ بو روژێ پتر لێ تهێن و نە ل بن کونترولا دەولەتێنە، بەلێ جهێ دلخوشیێ یە کو ئاسوییێت دەولەتا کوردی دیار بون دەمێ سەروك بارزانی دیارکری کو ل کوردستانێ خودێ خودێی هەمیا یە و هەروەسا وەلات ژی وەلاتێ هەمیا یە ئەڤە ئاسویا روهن دکەت کو بنیاتێت دیموکراسی دێ هێنە دانان برەنگەکێ موکم ل کوردستانی چونکی (ئاین و دەولەت دێ ژێك جودا بن).

**هەتا پشتی درستبونا دەولەتا نوی لڤێ دەڤەرێ هەر تەخا دەستهەلاتداریا ئاینی یا پالپشت بو بو هەر ریژێمەکێ ئەڤ چەندە بو ئەگەر کو بچ رەنگا شورەشێت شارستانی و رەوشەنبیری لڤێ دەڤەرێ سەرێ خو نە هەلدەن وەک پێتڤیەک دژی بێ یەکسانیێ و بێ دادپەروەریێ ومافێ ئازادیا دەربرینا هزری و سیاسی و... هتد چونکی وەسا د دەتە نیاسین هەر بزاڤەکا سەرێ خو هەلدەت پێناسا وێ دژایەتیا ئایینیە و سزا گەلەک یی قورسە**

**جهێ دلخوشیێ یە کو ئاسوییێت دەولەتا کوردی دیار بون دەمێ سەروک بارزانی دیارکری کو ل کوردستانێ خودێ خودێی هەمیا یە و هەروەسا وەلات ژی وەلاتێ هەمیا یە ئەڤە ئاسویا روهن دکەت کو بنیاتێت دیموکراسی دێ هێنە دانان برەنگەکێ موکم ل کوردستانی چونکی (ئاین و دەولەت دێ ژێک جودا بن)**



لیوا عەزیز وەیسی فەرمانده‌ی گشتی هێزی زێرەڤانی کوردستان:

# له‌ رووی سه‌ربازییه‌وه‌ مومكین نییه‌ موسڵ به‌بێ هێزی پێشمه‌رگه‌ رزگار بكرێت

## ئازادكردنی گونده‌كانی هه‌ردوو میحوه‌ری خازر و گوێڕ كلیلی ئازادكردنی شاری موسڵه‌

**سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بەسەرپەرشتی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەردوو میحوەری خازر و گوێڕ بۆ یەکجاری مەترسیی داعشی لەهەرێمی کوردستان دوورخستەوە و هێزی پێشمەرگەی بە دووری ١٤ کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری موسڵ نزیك کردەوە و فەرماندە سەربازییەکانیش بە کلیلی ئازادکردنی موسڵ وەسفیان کرد. لەلایەکی دیکەوە پابەندبوونی پێشمەرگە بە ئەخلاق و میهنیەتی سەربازی و ڕێزگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و دابونەریتی نەتەوەکان و ئایین و ئایینزاکانی پارێزگای موسڵ بووە جێگای ڕێز و تێڕوانینی سیاسەتمەداران و وڵاتانی هاوپەیمانان. بە رادەیەك جارێکی دی هێزی پێشمەرگە سەلماندییەوە کە تاکە هێزێکە لە ناوچەکەدا کە هەموو نەتەوەکان بێ جیاوازی پشتی پێ دەبەستن و دوورە لە رق و کینە و تۆڵە و مەرامی تائیفی و ئیتنی.**

**سەبارەت بە گرنگی ئەم سەرکەوتنانە کە وەرچەرخانێکە لە شەڕی ئازادکردنەوەی موسڵ ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ لیوا عەزیز وەیسی فەرمانەدەی گشتی هێزی زێرەڤانی کوردستان ئەنجامدا وبەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** بە فەرماندەیی سەرۆك بارزانی جارێکی دی هێزی پێشمەرگە سەرکەوتنێکی بێ وێنەیان تۆمارکرد، سەرکەوتنەکانی ئەمجارەی پێشمەرگە لە گوێڕ و خازر، لە ناوەندە ناوخۆیی و جیهانییەکاندا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو. ئایا لە رووی مەیدانییەوە تاچەند گرنگ بوو ئەو ناوچانە ئازاد بکرێن؟**

- لە کاتژمێر ٣ی بەرەبەیانی ١٤ی ئاب ئۆپەراسیۆنێکی گەورە بۆ ئازادکردنی چەندین گوند و رووبەرێکی فراوانی دەوروبەری خازر و گوێڕ دەستی پێکرد، سەرەتا بە تۆپ و هاوەن و چەکی تر لەلایەن هێزی پێشمەرگە و هێزی پێشمەرگەی زێرەڤانی بۆردومانی بنکە و بارەگاکانی داعش کرا، دواتر کاتژمێر ٥ی بەیانی، بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی لەچەند میحوەرێکەوە هێزی پێشمەرگە هێرشی کردە سەر گوند و مۆڵگەکانی تیرۆریستانی داعش، کە پلان و بەرنامەی هێرشەکەش هەر لەلایەن جەنابی سەرۆك بارزانی دارێژرابوو. تەنانەت جەنابی سەرۆك بارزانی پێیوابوو کە چەند پانتایی و رووبەرێکی گرنگ لەم ناوچەیەدا هەن، کە پێویست بوو لەژێر دەستی داعشەکان رزگار بکرێن، چونکە تێڕوانینی بەرێزیان ئەوە بوو کە ئەم ناوچە و گوندانە لە قەزای خەبات و تەنانەت لە شاری هەولێرەوە نزیکن و بە رزگارکردنیان بە یەکجاری مەترسی لەسەر خەڵکی کەڵەك و هەولێری پایتەختی کوردستان نامێنێت. کەواتە ئەم ئۆپەراسیۆنە هەڵگری مژدە و پەیامی دڵنیاییکردنەوە بوو بۆ خەڵك. ئەوەی پێوەندی بە میحوەری گوێڕیشەوە هەبێت، کە دەکەوێتە باشووری شاری هەولێرەوە، ئەوا لە رابردوودا تیرۆریستان چەندینجار هێرشیان دەکردە سەر ئەم ناوچەیە و لە میانەی رووبەڕووبوونەوەشیاندا، چەندین کەس لە نێو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا شەهید و بریندار بوون. لەم ناوچەیەش بەپێی ئەو نەخشەو پلانەی کە جەنابی سەرۆك بارزانی دایڕشتبوو ئۆپەراسیۆنەکە جێبەجێ کرا و تەواوی داعشەکان لەم ناوچەیەش دوورخرانەوە. لە دەرئەنجامی ئەو ئۆپەراسیۆنەشدا، لەلایەك پاڵەپەستۆیەکی قورس کەوتە سەر داعشەکان لە موسڵ، لەلایەکی دیکەوە هاوکاری و یارمەتییەکی کاریگەریش بوو بۆ سوپای عێراق کە لە پلانیاندایە لەم ناوچانەوە لە شاری موسڵ نزیك ببنەوە، بەو پێیە ئەمە کارئاسانی بۆ سوپای عێراق دروست کرد و ئەرکی ئاسان کردن بۆ ئەوەی گەیارە رزگار بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تا ئێستا سوپای عێراق و حەشدی شەعبی نەیانتوانیوە بچنە ناو گەیارەوە. هەرچۆنێك بێت، سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە دەوروبەری موسڵ مایەی گەمارۆدانی زیاتری داعشە لە موسڵ و لە هەمان کاتدا یارمەتیدەر و هاوکارە بۆ هەموو ئەو هێزانەی کە لە دژی داعش شەڕ دەکەن.

*** سەرپەرشتیی ئەم ئۆپەراسیۆنە لەلایەن سەرۆك بارزانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بۆ ئێوە تا چەند گرنگ بوو، بەتایبەتی لە ئاراستەکردنی هێزەکان و بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە؟**

- بوونی سەرۆك بارزانی نەك تەنیا بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییە گرنگ بوو، بەڵکو بۆ سەرجەم ئۆپەراسیۆنەکانی بەرەنگاربوونەوەی داعش و رزگارکردنی ناوچە کوردستانییەکان کە کەوتبوونە ژێر داگیرکاری داعشەوە، گرنگی خۆی هەبووە. جەنابی سەرۆك بارزانی پلان و نەخشەی جەنگی دادەڕێژێت و سەرپەرشتی راستەوخۆی ئۆپەراسیۆنەکانی رزگارکردنی ناوچە کوردستانییەکان دەکات، لە زۆربەی شەڕ و ئۆپەراسیۆنەکاندا شان بە شانی پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕدا بووە، هەموو پلان و نەخشەکان کە جەنابیان دایدەڕێژن، لەلایەن فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و تێبینی دەردەبڕێت و جارێکی تر سەیری پلانەکە دەکاتەوە، تا دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە سەرکەوتنی پێشمەرگە بە کەمترین زیان

**ئەو هەڵسوکەوت و زانیارییەی هەمانە لەسەر کاروکردەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە رفاندن و کوشتن و سووتاندن و وێرانکردنی ماڵەکان و تۆڵەسەندنەوەی تائیفی بەرامبەر سوننەی عەرەب، هیچ ئومێدێک بۆ ئێمە ناهێڵێتەوە**

**لەو ماوەیەدا شارەزاییەکی باشمان پەیدا کردووە لەسەر تەقاندنەوەی بۆمب و ئەو تەقەمەنییانەی بۆ لێدانی پێشڕەوی پێشمەرگە و سوپای عێراق دانراوە**

تەواو دەبێت، ئەو کات ئۆپەراسیۆنەکە دەکاتە بڕیار و ڕاستەوخۆ لەلایەن فەرماندە سەربازییەکانیەوە جێبەجێ دەکرێت، تەنانەت لەهەموو ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کە من تێیدا بەشدار بووم، جەنابی بارزانی بە وردی چاودێری هێزی پێشمەرگە و چەك و جۆری پێداویستییەکانی پێشمەرگەی کردووە و ئامادەکاری تەواوی بۆ ئۆپەراسیۆنەکە کردووە، پاشان دەست بە ڕزگارکردنی ناوچە و شوێنەکان دەکەین، لە شەڕەکەشدا چرکە بە چرکە جەنابیان پێوەندی لەگەڵ فەرماندەکان هەیە و ئاگاداریان دەکاتەوە و هەموو ئەو هەواڵ و ئاگادارییانەی کە لەلایەن هەواڵگری سەربازی و زانیاری ئاسمانی پەیدا دەبێت، وەریاندەگرێت و لەسەر بنەمای ئەو زانیاری و وردەکارییانەی دەستی دەکەوێت، دەستنیشانی ئەوە دەکرێت ئێمە چی بکەین و بڕیار لەسەر شوێن و ئاراستەکان و خاڵەکان و کاتژمێری سفر بۆ ئۆپەراسیۆنەکە دەدرێت. لە ڕاستیدا ڕۆڵی سەرۆك بارزانی وەکو کەسایەتییەکی سیاسی و دیپلۆماسیی بەتوانا دیار و لەبەر چاوە، لە هەمان کاتدا جەنابیان ڕۆڵێکی نیشتمانپەروەری و فیداکاری و دڵسۆزانە دەگێڕێت، من باسکردنی ئەم لایەنە بۆ سیاسەتمەدارێکی بە جێ دەهێڵم. بەڵام وەکو فەرماندەیەکی سەربازی باسی ڕۆڵی جەنابیان دەکەم کە لەسەر ئاستی دنیادا کەم کەس هەیە وەکو جەنابیان لەسەرخۆ بیربکاتەوە و زهنییەتێکی فراوانی هەبێت و لە توانایدا بێت پلان و نەخشەی سەربازی وا سەرکەوتوو دابڕێژێت، لەشەڕەکاندا دڵسۆزی و جەسارەتێکی گەلێك مەزن و گەورەم لە جەنابی سەرۆك بارزانی بینیوە، هەر بۆ نموونە کاتێك لەسەر چیای شنگال بوو، داعش هێرشی گەورەیان دەهێنا، بۆ ئەوەی بارودۆخی پێشمەرگە و ئاستی مقاوەمەت بزانێت، سێ جار چووە خاڵی یەکەمی شەڕەکە. تەنانەت لەچەندین شوێن کە پێشمەرگە شەهیدو بریندار دەبوون، جەنابیان دەچووە لایان، ئەمە بوو وایکرد داعش بە هاوشێوەی سوپای عێراق نەتوانێت هێرش بەرێتە سەر پێشمەرگە و بەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگە بووە داستان و پێشمەرگەش تا دێت بەهێزتر دەبێت و تەواوی خاکی کوردستانی ئازاددەکات. هەروەك بینیمان لەم ئۆپەراسیۆنەدا پێشمەرگە بەبێ پشوودان هەڵمەتی ئۆپەراسیۆنەکەی ڕانەوەستاند تا کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ دواخاڵ و پلانی ئۆپەراسیۆنەکەی جێبەجێ کرد، لەکاتێکدا دەبوو تا کاتژمێر ١١:٣٠ ئەو ناوچانە ڕزگاربکرایە. لەبەر ئەوە ئۆپەراسیۆنی خازر و گوێڕ بە سەرپەرشتی بارزانی سەرکەوتنی گەورەی بۆ هێزی پێشمەرگە و زێرەڤانی تۆمارکرد، جارێکی دی سەلماندمانەوە کە داعش و هیچ هێزێکی دیکە ناتوانن لە بەردەم قارەمانێتی پێشمەرگە خۆیان ڕابگرن، ئەوەتا بەدەیان لاشەی داعش لەبەرەکانی شەڕدا بەجێماون، ئەم سەرکەوتنانەی پێشمەرگە بووەتە مایەی سەرسوڕمانی هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەوان زۆر بە گرنگی و شکۆوە باسی دەکەن.

*** ئایا پابەندبوونی هێزی پێشمەرگە بە شەرەف و میهنیەتی سەربازییەوە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڕادەیەك وای لێهاتووە ئەم ئاستە بەرزە نیشان بدات کە بووەتە جێگای سەرسوڕمانی هێزەکانی هاوپەیمانان و جیهان؟**

- پەروەردەکردنی هێز و لەشکر گەورەترین بنەمایە بۆ ئەوەی میهنیەتی سەربازی و ئەخلاقی بپارێزێت و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قوتابخانەیەکی باش و بەئەخلاق پەروەردە کراوە و بۆ هیچ کەس و پێشمەرگەیەك نەهاتووە بە شێوازی هەڵە و تاکڕەویی هەڵسوکەوت بکات، ئەو تەوجیهات و ئامۆژگاری و ڕێنماییانەی لە میانەی هێرش و ئۆپەراسیۆنەکاندا لەلایەن جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ هێزی پێشمەرگە دەردەچێت، هەرهەمووی پڕاوپڕ باس لە ڕەوشتی بەرز و پاراستنی سەروماڵی خەڵك و پاراستنی مافی مرۆڤ دەکات، هەر بۆ نموونە کە دەچینە گوندێك و ڕزگاری دەکەین، کەس لە پێشمەرگەکانمان بۆیان نییە بچنە ناو ماڵ و خانووەکان و دەستکاری بچووکترین کەلوپەلی خەڵك بکەن، تەنانەت لە کاتێکدا کە گوندێك، یان شوێنێك ڕزگار دەکەین نەك تەنیا گیانی خەڵکەکە دەپارێزرێت، بەڵکو ڕێز لە شەرەف و کەرامەتی دانیشتووانەکەش دەگیرێت و هاوکاری و یارمەتی مرۆیی و تەندروستی و گواستنەوەشیان بۆ شوێنی پارێزراو جێبەجێ دەکەین، تا تەسلیمی دامودەزگاکانی حکومەتیان دەکەین و شوێنی حەوانەوە و خزمەتگوزارییان بۆ دابین دەکەین، دیل و بریندارەکان بە جوانترین ڕەفتار مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، هەمووی بەپێی بنەما و بەندەکانی مافی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتییەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین و پارێزگاریان لێ دەکەین، بەرامبەر لاشەی کوژراوەکانیش مامەڵەیەکی ئایینییانە و دابونەریتی بەرزیان لەگەڵ دەکەین، ئەمە هەمووی بۆ ئەو خەباتە دروور و درێژەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەگەڕێتەوە کە پێشمەرگە لەسەر ڕێبازی بارزانی و قوتابخانەیەکی بەرزی مرۆڤایەتی پەروەردە کراوە. ئەوەی لەسەر ئەم ڕێبازە پەروەردە کرابێت، پابەندی بنەماکانی مافی مرۆڤ و دابونەریتەکانی جەنگ دەبێت، لەهەموو هێرش و ئۆپەراسیۆنەکاندا جەنابی بارزانی داوامان لێدەکات پابەندی بنەماکانی ئەخلاق و مرۆڤایەتی بین، تۆ بڕوانە برا و باوك

ئەم هەلە مێژووییەی بۆ کورد هاتۆتە پێشەوە پێویستی بە یەکگرتن و یەکڕیزییە، نەک شەڕە کورسی و قسەکردن لەسەر دەستکەوت و پۆست، کورد پێویستی بە ڕێککەوتنێکی جددی و ڕێبەرێک هەیە ڕێبەرایەتی هەموو میللەتی کورد بکات و بمانگەیەنێتە کەنارێکی ئارام، چۆن دەبێت لە کەشتییەکدا ١٠ کابتن هەبن

شتێکی ئاساییە کێبڕکێ لەنێوان حزبە سیاسییەکاندا هەبێت، بەڵام لەسەر بنەمای خزمەتکردن و پێشکەشکردنی شتی باش، نەک ناوزڕاندن و پیلاندانان و دەستخستنە ناو دەستی ئەو وڵاتە ئیقلیمیانەی کە دژی خەبات و ئامانجی پێشمەرگە و گەلی کوردستانن

و کەسی خۆشەویستی نزیك و هەڤاڵانمان شەهید دەبن، بەڵام رێنمایی و بنەماکانی قوتابخانەی بارزانی دەپارێزین و لەبەرامبەردا هەڵە ناکەین و تۆڵە لە دیل و بریندار ناکەینەوە و رێز لە هاووڵاتیان و خەڵکی سڤیل دەگرین. جەنابی بارزانی قبووڵ ناکات بەپێچەوانەی ئەخلاقی شەڕ و میهنیەتی عەسکەرییەوە مامەڵە بکەین. جەنابی سەرۆك دەفەرموێت: ئەخلاق بۆ هەموو شتێك پێویستە، بۆ سیاسەت و شەڕ و ئابووری و بازرگانی هەر کار و کردەوەیەك ئەخلاقی تێدا نەبوو، لە کۆتاییدا دەبێتە سفر و ئامانجی نابێت و داهاتوویەکی خراپی لێ دێتەدی. بەپێچەوانەی ئەوەی لە سوپای عێراق و حەشدی شەعبی دەیبینین ئەوەیە کە شەڕەکەیان کردووەتە تۆڵەسەندنەوە و بنەمای تائیفی و توندڕەوی، لە مێژوودا گەلێك سەرکردە هەبووە کە مەترسی لەسەر خێزانی هەبووە و هەوڵی پاراستنی داوە، بەڵام جەنابی سەرۆك بارزانی بە کوڕ و برازا و کەسوکار و بنەماڵەکەیەوە سەرقاڵی پاراستنی کوردستانن و لە پێشەوەی شەڕەکاندان و لە هەردوو میحوەر کاك مەنسوور و کاك وەیسی و شێخ سیروان و شێخ بەهزاد لەگەڵ هەڤاڵانی کاك نەجات عەلی و چەندین فەرماندە و پێشمەرگەی قارەمان لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بەشداربوون، من زۆر هەوڵم دا بە پاساوی جۆراوجۆر کاك مەنسوور بارزانی لە بەرەکانی پێشەوەی رووبەڕووبوونەوەی داعش دووربکەوێتەوە، بەتایبەتی کە دەیان ئۆتۆمبێلی خۆکوژ هێرشیان دەهێنا، کەچی قبووڵی نەدەکرد، لەم گوندەی کە ئێستا ئازادمان کردووە، شەش ئۆتۆمبێلی خۆکوژ هێرشیان دەهێنا، تەنیا یەك کیلۆمەتر لە ئێمەوە دوور بوون، باشە فەرماندەیەك کە کوڕی سەرۆك بارزانی بێت و بەو شێوەیە لەپێناو پاراستنی خەڵکی کوردستان لە بەرەی پێشەوەی شەڕ بێت، ئیتر چۆن پێشمەرگە جەسارەت و باوەڕو ورەی بەرز نابێتەوە؟ ئەوان قەناعەتیان بە پارێزگاریکردنی شەرەف و کەرامەتی میللەتەکەیان هەیە، بۆیە ئامادەن لەم پێناوەدا قوربانی بدەن.

*** پێشمەرگە نەك تەنیا بۆ کوردستان، بەڵکو لەپێناو مرۆڤایەتیدا شەڕ لەگەڵ دەوڵەتێکی تیرۆریستی دەکات، هەربۆیە بووەتە هێزێکی نێودەوڵەتی و وڵاتانی پێشکەوتوو بە سەرسوڕمانەوە دەڕواننە ئازایەتی و قارەمانێتی ئەم هێزە، تەنانەت پێنتاگۆنی ئەمەریکا یادداشتنامەی لێکتێگەیشتنیان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە واژوو کرد، ئایا ئەمە تاچەند شانسێکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان؟**

- بۆ کورد شانس و هەلێکی مەزن هاتۆتەپێشەوە، بۆ یەکەمینجارە لە مێژوودا سەرکردەیەکی کورد رێککەوتنی سەربازی لەگەڵ وەزارەتی بەرگری مەزنترین وڵاتی جیهان لە بواری سەربازی واژوو بکات، ئەمەش بۆ ئەو سەرکەوتنانە دەگەڕێتەوە کە هێزی پێشمەرگە بەسەرپەرشتی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ میللەتی کوردو گەلانی ناوچەکەو هەموو مرۆڤایەتی بەدەستی هێناوە، بەڵام بۆ ئێمەی پێشمەرگە جێگای داخە کێشەیان لەناو ماڵی کوردان دروست کردووە، لە کاتێکدا سەرۆك بارزانی و کوڕ و بنەماڵەکەی و ئەو هەموو فەرماندە و پێشمەرگەیەی لە کوردستاندا هەیە، ئامادەن گیانی خۆیان لەپێناو کوردستان بەخت بکەن، لەم پێناوەشدا گەلێك قوربانیی مەزنیان داوە، کەچی هەندێك بەناو سیاسەتمەدار پیلان و مەرامی خراپیان بەرامبەر یەکتر هەیە و دەچنە وڵاتانی ئیقلیمی بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد کاردەکەن، خۆیان هەڵدەواسن بەم تائیفە و ئەو لایەن و هەواڵگری عێراق و وڵاتانی دەوروبەر، تەنیا لەپێناو هەندێك پۆستی شەخسی، یا بۆ دامرکانەوەی رك و کینە و ئیرەیی و لە دڵڕەشیدا چاویان بە سەرکەوتنەکان و قوربانی و گیانفیداییەکانیشدا هەڵنایەت، سەرکەوتنی لایەك بەرامبەر لایەکی تر بە بێ هێزی خۆیان دەزانن، ئێمە لە بەرەکانی شەڕ زۆر دڵگران و تووڕەین لەو سیاسەتمەدارانەی کە رۆژێك لە رۆژان پێشمەرگە بوون و خەباتیان کردووە، کەچی ئەمڕۆ لە پێناو دەستکەوتێکی شەخسی، یا حزبی چاویان بە سەرکەوتنی هێزەکانی پێشمەرگە هەڵنایەت و دژی ریفراندۆم و ئەو ئامانجە هەڵسوکەوت دەکەن کە لە پێناوی میللەتەکەدا پێشمەرگە چەندین ساڵە خەباتی بۆ دەکات. من ئەوەی لێی تێگەیشتووم باشترین حزبی سیاسی کە لەدنیادا خەبات دەکات، ئەوەیە کە بۆ میللەتەکەی هەوڵ دەدات. شتێکی ئاساییە کێبڕکێ لەنێوان حزبە سیاسییەکاندا هەبێت، بەڵام لەسەر بنەمای خزمەتکردن و پێشکەشکردنی شتی باش، نەك ناوزڕاندن و پیلاندانان و دەستخستنە ناو دەستی ئەو وڵاتە ئیقلیمیانەی کە دژی خەبات و ئامانجی پێشمەرگە و گەلی کوردستانن، جارێ ئێمە لەناو شەڕداین و شەهید و قوربانی دەدەین، ئیتر چۆن ئەمە جێگای قبووڵکردنە کەسانێك لە بەیانی تا ئێوارە سەرقاڵی کەیف و خۆشی خۆی بێت، شەوێش بچێتە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان قسە بۆ ساردکردنەوەی خەڵك و لەخشتەبردنیان بکات؟ من نازانم چۆن لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان قبووڵ دەکرێت کەسانێك تەشهیر و قسەی سووك بە کەسانێك بڵێن کە رۆژانە لەپێناو پاراستنی خەڵکی کوردستان و خێزانی ئەودا، تەرمی ئازیزانی بنێژێت؟ ئەمە پەروەردەی چ قوتابخانەیەکە کە وا لە ئەخلاق و دابونەریتی جوانی کوردایەتی دوورکەوتووەتەوە؟ ئەم هەڵە مێژووییەی بۆ

**بۆ ئێمەی پێشمەرگە جێگای داخە کێشەیان لەناو ماڵی کوردان دروست کردووە، لە کاتێکدا سەرۆک بارزانی و کوڕ و بنەماڵەکەی و ئەو هەموو فەرماندە و پێشمەرگەیەی لە کوردستاندا هەیە، ئامادەن گیانی خۆیان لەپێناو کوردستان بەخت بکەن، لەم پێناوەشدا گەلێک قوربانیی مەزنیان داوە، کەچی هەندێک بەناو سیاسەتمەدار پیلان و مەرامی خراپیان بەرامبەر یەکتر هەیە و دەچنە وڵاتانی ئیقلیمی بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد کاردەکەن**

**بۆ کورد شانس و هەلێکی مەزن هاتۆتە پێشەوە، بۆ یەکەمینجارە لە مێژوودا سەرکردەیەکی کورد رێککەوتنی سەربازی لەگەڵ وەزارەتی بەرگری مەزنترین وڵاتی جیهان لە بواری سەربازی واژوو بکات، ئەمەش بۆ ئەو سەرکەوتنانە دەگەڕێتەوە کە هێزی پێشمەرگە بەسەرپەرشتی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ میللەتی کوردو گەلانی ناوچەکەو هەموو مرۆڤایەتی بەدەستی هێناوە**

**زۆر هەوڵم دا بە پاساوی جۆراوجۆر کاک مەنسوور بارزانی لە بەرەکانی پێشەوەی رووبەرووبوونەوەی داعش دووربکەوێتەوە، بەتایبەتی کە دەیان ئۆتۆمبێلی خۆکوژ هێرشیان دەهێنا، کەچی قبووڵی نەدەکرد، لەم گوندەی کە ئێستا ئازادمان کردووە، شەش ئۆتۆمبێلی خۆکوژ هێرشیان دەهێنا، تەنیا یەک کیلۆمەتر لە ئێمەوە دوور بوون، باشە فەرماندەیەک کە کوڕی سەرۆک بارزانی بێت و بەو شێوەیە لە پێناو پاراستنی خەڵکی کوردستان لە بەرەی پێشەوەی شەڕ بێت، ئیتر چۆن پێشمەرگە جەسارەت و باوەڕو ورەی بەرز نابێتەوە؟**

**لە مێژوودا گەلێک سەرکردە هەبووە کە مەترسی لەسەر خێزانی هەبووە و هەوڵی پاراستنی داوە، بەڵام جەنابی سەرۆک بارزانی بە کوڕ و برازا و کەسوکار و بنەماڵەکەیەوە سەرقاڵی پاراستنی کوردستانن و لە پێشەوەی شەڕەکاندان و لە هەردوو میحوەر کاک مەنسوور و کاک وەیسی و شێخ سیروان و شێخ بەهزاد لەگەڵ هەڤاڵانی کاک نەجات عەلی و چەندین فەرماندە و پێشمەرگەی قارەمان لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بەشداربوون**

کورد هاتۆتەپێشەوە پێویستی بە یەکگرتن و یەکڕیزییە، نەك شەڕە کورسی و قسەکردن لەسەر دەستکەوت و پۆست، کورد پێویستی بە ڕێککەوتنێکی جددی و ڕێبەرێك هەیە ڕێبەرایەتی هەموو میللەتی کورد بکات و بمانگەیەنێتە کەنارێکی ئارام، چۆن دەبێت لە کەشتییەکدا ١٠ کابتن هەبن، بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە ئەوەی ئەگەر کەشتیەکەمان نغرۆ بێت، هەموو نغرۆ دەبین؟ لە شەمەندەفەڕ و ئۆتۆمبێل و کەشتی یەك کابتن پێویستە و ئەوانی تر دەبێت لە خزمەت و هاریکاری ڕێبەرایەتی ئەودا بن، و کابتنەکەش لەپێناو هەمواندا ئاراستەمان دەکات، با ڕەخنەو پێشنیار و بۆچوونی جیاواز هەبێت، بەڵام هیچ گەلێك نییە بچن دوژمنایەتی خەبات و گیانفیداکاری خۆی بێت و ئاستەنگ لەبەردەم سەرۆکەکەی لەشەڕدا دابنێت. بەڵام خۆشبەختانە ئەمڕۆ لە قۆناغێکی هەستیاردا رابەرێکمان هەیە کە بەدیلێك نییە ئەو تایبەتمەندێتیەی ئەوی تێدا بێت و هەموو میللەتی کورد قبووڵی بکات، ئەو سەرۆکە پێویستە نەك تەنیا بۆ ئەم پارچەیەی کوردستان، بەڵکو بۆ کوردستانییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان، فەرموون لە باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور چی سەرکردەیەك هەیە، بەقەد ئەو جێگای ئومێد و دڵنەوایی میللەت بێت؟ ئەوەتا لە کوردستانی باکوور بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان لە زیندانە و لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش لە دوای بەڕێزان د.قاسملوو و د. شەرەفکەندی چ سەرکردەیەك هەیە هەموو میللەتی کورد لەسەری کۆك بن و یەکگرتوو بن؟ لە کوردستانی عێراقیش دۆخی تەندروستی بەڕێز مام جەلال سەقامگیر نییە، ئەمڕۆ ئومێدی کورد و کوردستانییەکان لەسەر جەنابی سەرۆکە، ئیتر بۆ دەبێت کەسان و گروپی وا هەبێت کار لەسەر شکاندنی ئەو بکەن و درۆ و دەلەسەی دنیای بۆ هەلبەستن، بۆ ئەوەی دڵی خەڵکی بەرامبەر سەرۆکەکەیان ڕەش بکرێت؟ ئەمەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسەت و حزبایەتیدا دەکرێت، ناڕاست و نادروستە، لەبەر ئەوە دووپاتی دەکەینەوە کە پێویستە ڕێگە لەبەردەم داواکاریی میللەتی کورد نەگیرێت و هەموان پێکەوە گرێدراوین و بەرژەوەندی هاوبەشمان هەیە و پێویست ناکات دوای بەرژەوەندی و مەرام و ویستی وڵاتانی بیانی بکەوین. چ کەسێك هەیە دەستبەرداری میللەتی خۆی بێت و بڵێت ئیتر دەوڵەتم ناوێت، یان دەست لە جەژنی نەتەوایەتی خۆی بەربدات و بڵێت ئیتر نەتەوەیی نیم؟ من پێموایە لە ئێستادا پیلانێك لە دژی کورد دادەڕێژرێت لەلایەن ئەو وڵات و نەتەوانەی دژی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانن.

*** لەشەڕی داعشدا زۆر هێز و سوپا هەبوو، بەڵام لەناو هەموویاندا ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان هێزی پێشمەرگە و جەنابی بارزانی-یان هەڵبژارد بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان؛ ئایا خوێندنەوەت بۆ ئەمە چییە؟**

- لەسەر خاك هیچ هێزێکی دیکە نییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان وەکو پێشمەرگە شەڕی داعش بکات، لەکاتێکدا بوونی ئەو دەوڵەتە تیرۆریستیە هەڕەشەیە بۆ هەموو جیهان. پێشمەرگە بە جەسارەتێکی مەزنەوە شەڕدەکات و فیداکارییەکانی هەژمار ناکرێت، ئەمەش بێ سەرکردە و ڕێبەرایەتی دروست نەبووە و هەمووی لەژێر فەرماندەیی و سەرپەرشتی راستەوخۆی جەنابی بارزانی بووە، دیپلۆماسیەت و پێوەندی و رابەرایەتی جەنابیان بووە کە وایکرد گرنگی بە هێزی پێشمەرگە بدرێت. سیاسەتی واقیعبینانەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەسەر بنەمای پاراستنی مافی نەتەوەی کوردە، وایکردووە دوور بین لە سیاسەتی هەڵدێر و کورتبینانە و تەسلیم بوون، سیاسەت لەسەر راستی و دروستی میللەتی کورد بووە، هەروەکو چۆن جەنابیان پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە نابێت پێشێلکاری بەرامبەر هیچ نەتەوە و گەلێکی دیکە بکرێت، هەرواش سازش لەسەر دۆزی کورد ناکات، ئەم سیاسەت و بیروباوەڕانەیە وایکردووە خەڵکی و دەوڵەتان ڕێز لەهێزی پێشمەرگەو فەرماندەکەی بگرن و زیاتر گرنگیمان پێ بدەن.

*** قسەوباسێکی زۆر لەسەر ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شاری موسڵ دەکرێت. هەموو بۆچوونەکان بەو ئاراستەیە دەچن بەبێ هێزی پێشمەرگە زەحمەتە ئەو شارە ئازاد بکرێت. ئایا خۆئامادەکردن بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە چۆنە و رزگارکردنی ئەم ناوچانە چ کاریگەرییەکی لەسەر خێراکردنی ئۆپەراسیۆنەکە هەیە؟**

- ئەو جێگایەی پێشمەرگە لە دوائۆپەراسیۆنیدا ئازادی کرد، زۆر نزیکی دەکاتەوە لە شاری موسڵ، بە رادەیەك لە رووی سەربازییەوە ئازادکردنی گوندەکانی هەردوو میحوەری خازر و گوێر بە دەستی پێشمەرگە کلیلی ئازادکردنی شاری موسڵە، لە رووی سیاسیشەوە کورد میللەتێکی قاچاخ نییە لەناو شاری موسڵ و دەشتی نەینەوا، کورد و کوردستانییەکان هاووڵاتی رەسەنی ئەو شارەن، هەموو پلانەکانی حکومەتی بەغدا لەساڵی ١٩٢٥ـەوە تا ئێستا بۆ کەمکردنەوەی کورد و لاوازکردنی ئەم پێکهاتە سەرەکیەی موسڵ لەو شارەدا سەرکەوتوو نەبووە، هەروەکو چۆن لە سووریا پشتێنەی عەرەب نەیتوانیوە ناسنامەی ئەم میللەتە بسڕێتەوە. حکومەتی عێراق هەر لە زووەوە هۆزە عەرەبیەکانی هێناوەتە ئەم ناوچەیە و نیشتەجێی کردوون و لە

بەرامبەردا گەلی ڕەسەنی ناوچەکە کە گەلی کورد بووە دوورخراونەتەوە. کورد میوان نییە لە موسڵ تاوەکو چاوەڕوانی (بەڵێ)ی حکومەتێکی دیاریکراو بکات، موسڵ شاری پێکەوەژیانی عەرەب و کورد و تورکمان و مەسیحییە بەهەموو تائیفەی سوننە و شیعە و کلدو ئاشوری و سریان و ئەرمەن و ئێزیدی و شەبەك و کاکەیی، لەمێژوودا لەهەموو سەرژمێری و داتاو ئامارەکان هەر لەدەوڵەتی عوسمانییەوە تا ئێستا دەرکەوتووە کە ژمارەی کوردو خێزانەکان لە شاری موسڵ بەرامبەر هەموو پێکهاتەکانی تری بووە. لە هەڵبژاردنەکاندا روون و لەبەرچاو بوو کە ئەگەر کورد بیویستایە پارێزگاری موسڵ کورد دەبوو، ئێستاش ڕێژەی هەرە زۆری کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ کوردە. لە رووی سەربازییەوە مومکین نییە عێراق بەبێ هاوکاری پێشمەرگە بەو سوپا تائیفییەوە بتوانێت شاری موسڵ ئازاد و کۆنترۆڵی بکاتەوە. بەپێچەوانەوە پێویستە پێشمەرگە هاوکاری ئەو سوپایە بکات، چونکە داعش هەڕەشەیە بۆ هەمووان، تەنانەت ملیۆن و نیوێك خەڵك ئاوارە بووە و ڕوویان لەکوردستان کردووە و خەرجی و بارگرانییەکی زۆریان لەسەر پرۆژە خزمەتگوزاری و هەردوو کەرتی تەندروستی و پەروەردەیی هەیە، لەمانەش نیوەی ئەو ئاوارانەن کە لە موسڵەوە ڕوویان لەم هەرێمە کردووە، کە پێویستە کار بکرێت بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

*** ئەگەر باسی ئۆپەراسیۆنەکە و واقیعی شەڕەکە بکەین، کە داعشەکان پەنا دەبەنە بەر بۆمبی دانراو و دەیان فێڵی سەربازی و دانانەوەی تەقەمەنی، ئایا تاچەند پێشمەرگە فێری تەکنیکی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە بووە؟**

- شەڕی داعش و لەناوبردنی ئاسان نییە، چونکە هێزێکی تیرۆریستی جیهانییە و چەندین وڵات بۆ یەکلاکردنەوەی مەرام و مەبەستی خۆی بەکاریان دەهێنێت، سەدان ئەفسەری سەربازی و دەرەجەداری سیخوڕی و هەواڵگری و (قوة خاصة) و ئەمن و ئەمنی تایبەت و دەیان گروپ و دەرەجەداری سەربازی سەردەمی ڕژێمی بەعسیش لەناو ئەو گروپە چەکدارەدان، ئەمە جگە لەدەیان هەمەری سەربازی و چەك و تەقەمەنی پێشکەوتووی سوپای عێراق کە کەوتبووە ژێر دەستیان و بەباشترین و مەترسیدارترین چەکەکانی ئەم سەردەمە دادەنرێت، بگرە بوونی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە بۆ ماوەی دوو ساڵ لەو شارەدا وایکردووە خەڵکێکی زۆری عەرەبی سوننە دوای ئەو تیرۆرستانە بکەوێت، بەڵام پێشمەرگە سەلماندی کە دەرکردن و لەناوبردنی ئەو تیرۆریستانە ئاستەم نییە. ئێمەش لەو ماوەیەدا شارەزاییەکی باشمان پەیدا کردووە لەسەر تەقاندنەوەی بۆمب و ئەو تەقەمەنییانەی بۆ لێدانی پێشڕەوی پێشمەرگە و سوپای عێراق دانراوە، بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم پلانە سەربازییەش ئێمە پەنامان بردۆتە بەر هێزەکانی ئەندازیاری سەربازی کە لەلای هێزی پێشمەرگە و زێرەڤانی و هێزەکانی پشتیوانی بوونیان هەیە و خاوەنی شارەزاییەکی مەیدانی زۆر پێشکەوتوون، سەبارەت بە هەموو یەکە و هێزەکانی تریش بەهەمان شێوە پێشمەرگە خاوەنی مەشق و ڕاهێنانی سەربازییە و توانای گەورەی هەیە.

*** ئایا لە دوای داعش و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دەتوانرێت بوترێت کە کورد خاوەنی هێزێکی سەربازی پێشکەوتووە و دەکرێت ببێتە بنەمایەك بۆ دەوڵەتی داهاتووی کوردستان؟**


- هەموو دەوڵەتانی دنیا بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و هێرشکردن سوودیان لەهێزی سوپای خۆیان وەرگرتووە، تەنانەت هیچ دەوڵەتێکی سەقامگیر نییە بێ هێزێکی گەورەی سوپا بتوانێت کۆنترۆڵی ئارامی و سەقامگیری وڵاتەکەی بکات، ئێمەی کوردیش پێویستە لە ئاشتی و شەڕدا بە بەردەوام هێزەکانمان بەهێزتر و بەتواناتر بکەین. چونکە هیچ وڵات و هەرێمێك نییە بێ بوونی هێز و سوپا بتوانن ئاسایشی خۆیان و بواری ئابووری خ خۆیان بپارێزن، هێزی کوردی بۆ دەستدرێژیکردنە سەر نەتەوە و دراوسێکانمان نییە، بەڵکو بۆ پارێزگاریکردنە لە میللەتێکی مەزڵووم کە کۆمەڵکوژی بەرامبەری ئەنجامدراوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەر کەسێك ستەم لە میللەتی کورد بکات، بەتوندی ڕووبەڕووی دەبینەوە.

*** حەشدی شەعبی پێداگیری دەکات بەوەی لە شەڕی ئازادکردنی موسڵ بەشدار بێت، لەمەشدا مەترسی زۆرە کاری تۆڵەسەندنەوە و ڕفاندن و پێشێلکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ بکات، ئایا ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعەدا دەکەن؟**

- ئەو هەڵسوکەوت و زانیارییەی هەمانە لەسەر کاروکردەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ڕفاندن و کوشتن و سووتاندن و وێرانکردنی ماڵەکان و تۆڵەسەندنەوەی تائیفی بەرامبەر سوننەی عەرەب، هیچ ئومێدێك بۆ ئێمە ناهێڵێتەوە، تەنانەت لێدوانەکانی فەرماندەکانیان جێگای دڵخۆشی نییە، ئومێدەوارین ئەمە بیروبۆچوونی سەرکردەکانیان نەبێت، هەر بۆیە سەرکردایەتی ئێمە لە هەموو کۆبوونەوە و گفتوگۆیەکدا لەگەڵ هاوپەیمانەکان و سوپای عێراق مەسەلەی بەڕێوەبردنی شاری موسڵ و ڕێککەوتن باس دەکات و بە ستراتیژیەتی گرنگی دادەنێت، داعشیش دوژمنی مرۆڤایەتییە و سەرکردایەتی کوردستان چ بڕیارێك بدات ڕاستەوخۆ لەلایەن ئێمەوە جێبەجێ دەکرێت.

**بوونی سەرۆک بارزانی نەک تەنیا بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییە گرنگ بوو، بەڵکو بۆ سەرجەم ئۆپەراسیۆنەکانی بەرەنگاربوونەوەی داعش و ڕزگارکردنی ناوچە کوردستانییەکان کە کەوتبوونە ژێر داگیرکاری داعشەوە، گرنگی خۆی هەبووە. جەنابی سەرۆک بارزانی پلان و نەخشەی جەنگی دادەڕێژێت و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئۆپەراسیۆنەکانی ڕزگارکردنی ناوچە کوردستانییەکان دەکات، لە زۆربەی شەڕ و ئۆپەراسیۆنەکاندا جەنابی بارزانی شان بە شانی پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕدا بووە**

**بەپێی ئەو نەخشەو پلانەی کە جەنابی سەرۆک بارزانی دایڕشتبوو ئۆپەراسیۆنەکە جێبەجێ کرا و تەواوی داعشەکان لەم ناوچەیەش دوورخرانەوە. لە دەرئەنجامی ئەو ئۆپەراسیۆنەشدا، لەلایەک پاڵەپەستۆیەکی قورس کەوتە سەر داعشەکان لە موسڵ، لەلایەکی دیکەوە هاوکاری و یارمەتییەکی کاریگەریش بوو بۆ سوپای عێراق کە لە پلانیاندایە لەم ناوچانەوە لە شاری موسڵ نزیک ببنەوە**



### ڕێکخراوی دۆستانی بیانییەکان
### تایبەتمەند بە ئاوارە و پەناهەندەکان لە ئەڵمانیا بۆ گوڵان:

# مایەی سەرسامییە کوردستان توانیویەتی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە لەخۆبگرێت



# لەکوردستاندا ئاستێکی بەرزی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە هەیە

ڕێکخراوی دۆستانی بیانییەکان (frunde fur fremde)، ڕێکخراوێکی ئەڵمانییە و بایەخ بە پرسی کۆچبەران و ئاوارە و پەناهەندەکان دەدات، لەم ڕۆژانەشدا شاندێکی ئەو ڕێکخراوە سەردانی کوردستانیان کرد و کامپی ئاوارەکانیان بەسەر کردەوە و سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشیان کرد، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە هەوڵ و کۆششەکانی ئەم شاندە و بۆ زانینی ئەو تێڕوانینەی کە لایان گەڵاڵەوە بووە لە ئەنجامی بەسەرکردنەوەی کامپی ئاوارەکان و هەڵسەنگاندنیان بۆ کارەکانی حکومەتی هەرێم بۆ لە خۆگرتنی ئاوارەکان، هەروەها بۆ زانینی ئەوەی تا چ رادەیەك پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ خزمەتکردنی ئاوارەکان هاوکاری هەرێم بکات، گوڵان گفتوگۆیەکی لەگەڵ ئەو شاندەدا ئەنجامدا، کە پێکهاتبوون لە هەریەك لە خاتوو شتیلا گیرتوت، سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوەکە، خاتوو مایە مەنزل سەرۆکی ئێستای ڕێکخراوەکە، لەگەڵ خاتوو هایدی هیگەر لە دەستەی کارگێڕی هەمان ڕێکخراو. لێرەدا پووختەی ئەو گفتوگۆیە بڵاو دەکەینەوە.

**● چۆن سەرۆك بارزانی لە خەمی كوردانی هەر چوار پارچەی كوردستانە، ئێمەش دەمانەوێت لە ئەڵمانیا خزمەت بە پەناهەندەكانی هەر چوارپارچەكە بكەین**

سەرەتا خاتوو شتیلا گیرتوت باسی خۆی و ڕێكخراوەكەیانی كرد و ئاماژەی بەوە كرد كە چۆن ئاواتی ئەوە بووە بتوانێت چاوی بە سەرۆك بارزانی بكەوێت و وتی: «من ماوەی سی ساڵە كار لەم ڕێكخراوەدا دەكەم، بۆ ئێمەش ئاسان نەبوو كە قەناعەت بە خەڵكی ئەڵمانیا بكەین كە خەڵكانێك هەن كۆچ و ڕەویان كردووە بۆ وڵاتی ئێمە و پێویستە هاوكاریان بین، چونكە ئەو خەڵكانەش هۆكار و پاساوی خۆیان هەیە كە روویان كردۆتە وڵاتی ئێمە، هەروەها ئێمە دەمانەوێت لە ڕێی ڕێكخراوەكەمانەوە - كە ڕێكخراوێكی مەدەنییە- خزمەت بەو خەڵكانە بگەیەنین كە لێرە لە كوردستان ئاوارە و پەناهەندە بوون. ئێستاش من ئەركی بەڕێوەبردنی ئەم ڕێكخراوە دەگوازمەوە بۆ هاوڕێكانم و هیوای سەركەوتنیان بۆ دەخوازم. هەروەها دەمەوێت ئەوە بڵێم كە من خەونی ئەوەم هەبوو جەنابی سەرۆك بارزانی ببینم، چونكە بە بۆچوونی من هەمیشە بەڕێز بارزانی وەك یەك كاری بۆ كوردانی هەر چوارپارچەی كوردستان كردووە، ئەمەش مەسەلەیەكی گرنگە بەلای منەوە و ئەو پاڵنەرەی لا دروست كردم كە منیش بە دڵێكی پاكەوە ئەوەندەی پێم بكرێت، خزمەتی كوردانی هەر چوار پارچە بكەم كە ئاوارەی ئەڵمانیا بوون، لەبەر ئەوە ئومێدی من ئەوە بوو جەنابی سەرۆك ببینم و سوپاس بۆ خوا چاومان پێی كەوت و ئێستاش ئەرك و بەرپرسیارێتی ڕێكخراوەكەم بۆ هاوڕێكانم جێهێشتووە و ئەوان لەمەودوا درێژە بەو پەیامە دەدەن.

**● جێی سەرسامی و سەرسووڕمانە هەرێمی كوردستان توانیویەتی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەكان لەخۆبگرێت**

دواتر چەند پرسیارێكمان ئاراستەی سەرۆكی نوێی ڕێكخراوەكە —خاتوو مایە مەنزڵ- و ئەندامی دەستەی كارگێڕی ڕێكخراوەكە — هایدی هیگەر- كرد و ئەوانیش بەم شێوەیە وەڵامیان داینەوە.

لە سەرەتادا پرسیاری ئەوەمان لێكرد كە ئێوە وەك شاندێكی ڕێكخراوی دۆستانی بیانییەكان، سەردانی كامپی ئاوارە و پەناهەندەكانتان كرد، ئایا هەڵسەنگاندنتان بۆ دۆخی ئەو ئاوارانە چییە و پێتانوایە پێویستە چی بكرێت بۆ باشتركردنی دۆخی ئەو ئاوارانە؟ خاتوو مایە مەنزل لە وەڵامدا وتی: «دەبێت سەرەتا ئەوە بڵێم كە من زۆر سەرسام بووم بەوەی هەرێمی كوردستان توانیویەتی ژمارەیەكی گەورەی ئاوارە و پەنابەران لە خۆبگرێت، كە ئەگەر بەراوردی ئەو ئاوارانە بكەین بە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمەكە، ئەمە جێی سەرسوڕمان و سەرسامییە. چونكە ئەگەر بێین و ئەمە بەراورد بكەین بە وڵاتەكەی ئێمە- واتە ئەگەر بەراوردی پەناهەندەكانی وڵاتی ئێمە بكەین بە ژمارەی دانیشتووانی وڵاتەكەمان، ئەوا ئێمە تەنیا ژمارەیەكی كەمی پەناهەندەمان لەخۆگرتووە و نەمانتوانیوە كارێكی زۆر باش بكەین بۆ ئیدارەدان و ڕێكخستنیان، بەڵام ئەوەی بۆمان دەركەوت ئەوەیە كە كوردستان پێویستی بە هاوكاری و یارمەتی نێودەوڵەتی هەیە، چونكە ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین ئەوە دوو ساڵە حكومەتی مەركەزی هیچ پشتیوانییەكتان ناكات، كەواتە ئەمە ئەركێكی گرانە كەوتۆتە ئەستۆی هەرێمێكی بچووك. لەبەر ئەوە گرنگە راستی و واقیعی بارودۆخی ئێستا بۆ ئەوروپا بگوازرێتەوە و ڕوون بكرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن هاوكاری بكەن.

لە وەڵامی هەمان پرسیاردا خاتوو هایدی هیگەر رایگەیاند: «من پێم وایە پێویستە هاوكاری ئەم ئاوارانە بكرێت، بۆ ئەوەی لێرە بمێننەوە، چونكە مانەوەیان لێرە باشترە وەك لەوەی رووبكەنە ئەوروپا، چونكە لە ئەوروپا ئەوان كەسانێكی بیانین، ئێمە هەوڵدەدەین لە شێوە ژیانی پەنابەران تێبگەین، بەڵام ئەمە قورسە و ناتوانین وەك خەڵكی ئێرە پێوەندییەكی باشیان لەگەڵدا دروست بكەین. بۆیە ئێمە پێمانوایە پێویستە خەڵكی ئەوروپا لەو راستییە تێبگەن كە ڕێگایەكی باشتر بۆ هاوكاریكردنی —ئاوارە و پەناهەندەكان- ئەوەیە هاوكاری وڵاتی ئێوە بكەن.

**● كێشەی بنەڕەتیی كامپی ئاوارەكان نەبوونی قوتابخانەیە تاوەكو منداڵان تێیدا بخوێنن**

كاتێك پرسیاری ئەوەشمان رووبەڕووكردنەوە كە ئایا لە ئاكامی بەسەركردنەوەی كامپی ئاوارەكاندا، پێتانوایە ئەو كەموكوڕییە بنەڕەتییانە چین كە ئاوارەكان بە دەستیەوە دەناڵێنن و پێویستە بۆیان دەستەبەر بكرێت؟ خاتوو مایە مەنزل وتی: «ئەوەی ئێمە بۆمان دەركەوت ئەوەیە كە پێداویستی بنەڕەتیی ئەو ئاوارانە بریتییە لە كێشەی ئاوەڕۆ و نەبوونی شوێنی خۆشوشتن و نەبوونی قوتابخانە بۆ منداڵان، هەروەها پێداویستی پزیشكیش. من بیر لەوە دەكەمەوە كە ئایا بارودۆخەكە چۆن دەبێت كاتێك شەپۆلی دیكەی ئاوارە رووتان تێدەكەن.» خاتوو هایدی

هیگەریش رایگەیاند: «من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە دەستەبەرکردنی قوتابخانە بۆ منداڵانی ئاوارەکان پێداویستییەکی بەپەلەیە و دەبێت بە زووترین کات هەلی چوونە قوتابخانە بۆ ئەو منداڵانە بڕەخسێنن.

**● چارەسەری دوورمەودای کێشەی ئاوارەکان ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانیانە**


هەر لە پێوەندیدا بە پرسیاری پێشوو، لێمان پرسین کە ئایا پێتانوایە چارەسەری بنەڕەتی و دوورمەودای کێشەی ئاوارەکان لە چیدا بەرجەستە دەبێت و ئایا بە ئازادکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان و رێککەوتنی سیاسی بۆ ئیدارەدانی دۆخەکە لە دوای رزگارکردنەوەیان دەبێت چی بکرێت؟ لە وەڵامدا خاتوو هایدی هیگەر وتی: «بە بۆچوونی من چارەسەرەکە ئەوەیە کە زەمینەسازی بکرێت بۆ گەڕانەوەی ئەو ئاوارانە، هەروەها دەبێت کار و کۆشش بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانیان.

**● لە کاتی گەڕانەوەماندا بۆ ئەوروپا زیاتر بارودۆخی کوردستانیان بۆ روون دەکەینەوە**

خاڵێکی دیکە کە پرسیارمان لێکردن لەبارەیەوە ئەوە بوو کە ئایا ئێوە چ رۆڵێکتان دەبێت کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ ئەوروپا بۆ ئەوەی بارودۆخی ئێرەیان بۆ روون بکەنەوە و ئەو پەیامەیان پێ بگەیەنن کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە هاوکاری نێودەوڵەتی زیاتر هەیە و پێویستە لەم رووەوە ئەوروپا کاری زیاتر بکات، واتە ئێوە چۆن دەتوانن رۆڵی نوێنەرێك بگێڕن بۆ هەرێمی کوردستان. لەم رووەوە خاتوو مایە مەنزل وتی: «لە راستیدا ئێمە هەندێ کەناڵی پێوەندیمان هەیە و ئێمە هەوڵ دەدەین لە کاتی گەڕانەوەماندا بارودۆخی ئێرە بۆ لایەنە پێوەندیدارەکانی ئەوروپا روون بکەینەوە و ئەو زانیارییانەیان پێبدەین کە لێرە کۆمان کردوونەتەوە.» خاتوو هایدی هیگەریش لەسەر هەمان پرس دوا و وتی: «ئێمە کار دەکەین بۆ ئەوەی خەڵکانێکی زۆر کۆبکەینەوە و تەنانەت کەسایەتییە سیاسییەکانیشی تێدا بێت بۆ ئەوە وێنەی بارودۆخە راستەقینەکەی ئێرەیان بۆ بگوازینەوە. واتە کۆششی ئەوە دەکەین کە خەڵکان و لایەنگەلی دیکەش بەشداری پێبکەین لە هەوڵەکانماندا. بەڵام کێشەکە ئەوەیە لە ئەوروپادا هەڵوێستی جیاواز هەیە، واتە هەر وڵاتە هەڵوێستی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ئەڵمانیاوە هەبێت، ئەوا دەتوانین ئەم کارە بکەین، هەروەها ئێمە هەوڵ دەدەین پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمانی وڵاتەکەماندا دروست بکەین، کە پێمان وایە ئێمە دەتوانین ئەم کارە بکەین.



**شتیلا گیرتوت:**
**هەمیشە بەڕێز بارزانی وەک یەک کاری بۆ کوردانی هەر چوارپارچەی کوردستان کردووە، ئەمەش مەسەلەیەکی گرنگە بەلای منەوە و ئەو پاڵنەرەی لا دروست کردم کە منیش بە دڵێکی پاکەوە خزمەتی کوردانی هەر چوارپارچەی کوردستان بکەم**



**مایە مەنزل:**
**ئێمە پێش پێنج ساڵ لێرە بووین و لە ئاسۆدا سەرهەڵدانی دەوڵەتێکمان بەدی دەکرد، چونکە ئەو هەموو بنیادنانەوەمان دەبینی وەک دروستکردنی ئەو هەموو قوتابخانە و زانکۆیانە و دروستکردنی ئەو هەموو رێگەوبانە**



**هایدی هیگەر:**
**ئێمە هاوسۆزییەکی زۆرمان بۆ کورد هەیە، ئەوەشی کە بۆتە جێی سەرنج و سەرسامی ئێمە ئەوەیە کە ئایین و نەتەوەی جیاواز لە کوردستاندا هەن کە بە شێوەیەکی ئاشتییانە پێکەوە دەژین**

**● هێشتا خەڵكانێك هەن لە ئەڵمانیا جیاوازی لە نێوان عێراق و كوردستان ناكەن و دەبێت ئەمەیان بۆ روون بكرێتەوە**

دەربارەی ئەوەی چۆن دەكرێت حكومەتی ئەڵمانیا كاری زیاتر بكات بۆ هاوكاریكردنی كوردستان و پرسیمان: ئێمە دەزانین كە وڵاتی ئەڵمانیا هەوڵیداوە هاوكاری هەرێمی كوردستان بكات، هەم لە رووی مرۆیی و هەم لە رووی سەربازیشەوە، كە هەروەك ئێوەش دەزانن هەندێ لەو چەكانەی وڵاتی ئەڵمانیا دابینی كردن، رۆڵێكی زۆر گەورەیان هەبوو لە شەڕەكانی پێشمەرگە دژ بە داعشدا، بەڵام هەرێمی كوردستان چاوی لەوەیە حكومەتی ئەڵمانیا هاوكاری زیاتر و جددیتری ئەم هەرێمە بكات، بۆچوونی ئێوە چییە لەم بارەیەوە و چۆن دەتوانرێت كاری زیاتر بكرێت لەم رووەوە؟ خاتوو هایدی هیگەر وەڵامی دایەوە و وتی: «من دەمەوێت ئەوە بڵێم كە لە راستیدا زۆر گرنگە كار لەسەر گۆڕینی بۆچوونی خەڵكی ئەڵمانیا بكرێت، چونكە هێشتا خەڵكانێكی زۆر هەن كە نازانن بارودۆخی كوردستان و عێراق لێك جیاوازن، چونكە كاتێك دەڵێین ئێمە دەچین بۆ كوردستان، پێمان دەڵێن ئێوە دەچن بۆ بەغدا، ئێمەش دەبێت بۆیان روون بكەینەوە كە نەخێر، ئێمە دەچین بۆ هەولێر. ئەمە خۆی لە خۆیدا مایەی كێشەیە.

**● بڕیاردانی حكومەتی ئەڵمانیا بۆ هاوكاریكردنی هێزی پێشمەرگە پرۆسەیەكی ئاسان نەبوو**

دەربارەی رۆڵی پێشمەرگەش لێمان پرسین كە ئایا ئێوە لە كاتی گەڕانەوەتاندا باس لەوەش ناكەن كە پێشمەرگە چ رۆڵێكی یەكلاكەرەوەی هەیە لە شەڕی دژ بە داعشدا، كە سەرەڕای ئەوەی هەندێ هاوكاری دارایی و سەربازیش بۆ پێشمەرگە دابین كراوە، بەڵام هێشتا پێویستیان بە هاوكاری زیاتر هەیە؟ خاتوو مایە مەنزل وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە و باسی ئەوەی كرد كە ئەوەی بەدی دەكرێت ئەوەیە كە لە بەشێكی زۆری ئەوروپا و هەروەها لە ئەڵمانیاش نایانەوێت هاوكارییەكی گەورەی سەربازی بكەن. وتیشی: «لە ئەڵمانیا گفتوگۆیەكی زۆر دژوار و سەخت كرا لەسەر پێدانی چەك بە پێشمەرگە و پێمولیە هێشتا خەڵكانێك هەن كە نایانەوێت كارەكە بەم شێوەیە ئەنجام بدرێت.» كاتێك پرسیاری ئەوەمان ئاراستەكرد كە ئەم دوودڵییەی وڵاتانی ئەوروپا لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە و بۆچی راڕان لە پێدانی چەك و هاوكاری سەربازی زیاتر بە پێشمەرگە، لە كاتێكدا كە پێشمەرگە لە بری هەموو جیهان ئەم شەڕە دەكات؟ خاتوو هایدی هیگەر ئەوەی روون كردەوە كە لە ئەڵمانیادا مەسەلەكە پێوەندی بەو ئەزموونەوە هەیە كە وڵاتەكەیان هەیەتی، وتیشی: «ئێمە ئەوەی شەڕین و تاڵاوی شەڕمان چەشتووە و سڵكردنەوەیەكمان لە ئاست شەڕ و چەكدا هەیە. لەبەر ئەوە وەزیری دەرەوەی ئێمە، بەڕێز شتایگمایەر كارێكی سەختی كرد بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە دەربچێت.

**● هاوسۆزین لەگەڵ خواستی كورد بۆ سەربەخۆیی**

سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی ئەو پرسیارەمان كرد: هەروەك ئێوەش ئاگادارن لە ئێستادا كوردستان پێداگیری لەسەر بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دەكات، ئایا لەم رووەوە كوردستان پاساوی قەناعەتپێهێنەری نییە كاتێك داوای دەوڵەتی سەربەخۆ دەكات؟ لە وەڵامدا خاتوو هایدی هیگەر ئەوەی خستەڕوو كە لە راستیدا ئێمە هاوسۆزییەكی زۆرمان بۆ كورد هەیە، ئەوەشی كە بۆتە جێی سەرنج و سەرسامی ئێمە ئەوەیە كە ئایین و نەتەوەی جیاواز لە كوردستاندا هەن كە بە شێوەیەكی ئاشتییانە پێكەوە دەژین. دواتر خاتوو مایە مەنزل لە وەڵامی هەمان پرسیاردا وتی: من ژمارەیەكی زۆری كوردم بینیوە كە پێشتر پەناهەندە بوون لە ئەڵمانیاوە و گەڕاونەتەوە و زۆر سەرسامم بە خەڵكی كوردستان، چونكە ئەوان خۆشەویستییەكی زۆریان هەیە بۆ وڵات و كەلتوری خۆیان و ئەو كەسانە گەڕاونەتەوە بۆ بنیادنانی وڵاتی خۆیان، لەبەر ئەوە پێمولیە پێویستە ئەوان ببنە خاوەنی وڵاتی خۆیان و من هاوسۆزییەكی زۆرم هەیە بۆ داواكارییەكەیان. ئێمە پێش پێنج ساڵ لێرە بووین و لە ئاسۆدا سەرهەڵدانی دەوڵەتێكمان بەدی دەكرد، چونكە ئەو هەموو بنیادنانەوەمان دەبینی، دروستكردنی ئەو هەموو قوتابخانە و زانكۆیانەمان دەبینی، لەگەڵ دروستكردنی ئەو هەموو رێگا و بانەدا. كەواتە جێی داخ و كەسەر دەبێت كە هەموو ئەوانە لە ناوبچن و وێران بن كە ئومێدی ئەوە دەكەین ئەمە روو نەدات.

**● پێكهاتەكان بە شێوەیەكی ئاشتییانە پێكەوە دەژین و ئەو ئاستی لێبووردەییە لە كوردستاندا هەیە جێی سەرسامییە**

كاتێك لێمان پرسین كە خاڵێكی گرنگی دیكە كە سەرنج دەدرێت بوونی لێبووردەییە لە نێو كۆمەڵگەی كوردستاندا، كە كۆمەڵگەی كوردستانیش بەوە ناسراوە پێكهاتە جیاوازەكانیش دەتوانن تێیدا بژین،




هەروەها دەرگای والایە بۆ خەڵکانی ئاوارە و لێقەوماو و بە گیانێکی مرۆڤدۆستانەوە پێشوازییان لێدەکات، ئایا کە ئێوە خۆتان کە هاتوونەتە کوردستان و بەدواداچوونتان کردووە، چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟ خاتو هایدی هیگەر باسی لەوە کرد کە بە لای ئەوەوە ئەو لێبوردەییەی لێرە هەیە زیاترە لەوەی لە ئەڵمانیادا بەدی دەکرێت، وتیشی: «پێموایە ئەو لێبووردەییە گەورەیەی لە کۆمەڵگەی ئێوەدا هەیە، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ئەڵمانیا دەبێت، لەبەر ئەوەی ئێمەش خوازیارین بتوانین ئەو ئاستی لێبووردەییە لە کۆمەڵگەی خۆمان بەدی بێنین، چونکە ئێستا ئەوە کێشەیەکە لە وڵاتی ئێمەدا، بەتایبەتی لەم ساڵەی دواییدا، کە رەنگە ئێوە ئاشنابن بەو پەرەسەندنە سیاسییانەی روویانداوە لە وڵاتی ئێمەدا و ئێمەش زۆر پەرۆشین ئاڕاستەی پەرەسەندنە سیاسییەکانی وڵاتی ئێمە بە ئاقاری لێبووردەییدا بڕوات.»

لەلای خۆیەوە خاتوو مایە مەنزل سەبارەت بە هەمان پرس وتی: «بەر لە پێنج ساڵ کاتێك من لێرە بووم، ئەوەم بەدی کرد کە ئایینیە جیاوازەکان، وەك مەسیحی و ئێزیدی پێکەوە و بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەژین. لەبەر ئەوە تێناگەم کاتێك هەندێ جار پەناهەندەکان لە ئەڵمانیا- لە مەسیحی و ئێزیدیەکانی کوردستان- پێمان دەڵێن کە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ کوردستان لەبەر ئەوە سەلامەت نابین. لەبەر ئەوە من دۆخێکی جیاوازتر دەبینم. من لە گەشتێکمدا بۆ یەکێك لە سەیرانگاکان لە چیاکان خێزانێکم بینی کە لێم پرسین وتیان دایکمان کوردە و باوکمان خەڵکی بەغدایە و کاتێك پێم وتن ژیانتان چۆن دەگوزەرێت لە کوردستان، وتیان هیچ کێشەیەکمان نییە و ئێمە لە خۆمان دڵنیاین و رێزمان لێدەگیرێت و دەتوانین بچین بۆ قوتابخانە.»

لە درێژەی هەمان پرسدا باسی ئەوەمان لەگەڵ کردن کە ئاشکرایە کوردستان تێوەنەگلاوە لە کێشە و ناکۆکی تایفەگەری لە نێوان شیعە و سوننەدا، ئایا ئەمەش هۆکارێك نەبووە بۆ ئەوەی لێبووردەیی زیاتر لەم هەرێمەدا بچەسپێت. خاتوو مایە مەنزل رایگەیاند: ئەوە راستە، چونکە ئێستا ئێمە ئەو بارودۆخە خراپە لە بەغدا دەبینین و ئەو شەڕە دەبینین کە لە نێوانیاندا دەگوزەرێت.

## ئەفراییم ئینبار

بەڕێوەبەری سەنتەری بێگن-سادات بۆ دیراساتی ستراتیژی بۆ گوڵان:

# ئێستا حکومەتی بەغدا بۆتە داردەستی ئێران و شەڕی بەوەکالەتی بۆ دەکات

**ئەفراییم ئینبار پرۆفیسۆری دیراساتی سیاسییە لە زانکۆی بار-ئیلان لە ئیسرائیل، بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری زانستی سیاسی لە زانکۆی شیکاگۆ بەدەست هێناوە، پێشتریش پرۆفیسۆر بووە لە هەردوو زانکۆی جۆن هۆپکینز و جۆرج تاوون، هەروەها تایبەتمەندە لە پرسە ستراتیژییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بایەخێکی تایبەتی بە سیاسەت و ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل دەدات. بۆ تاوتوێکردنی پرسی سەرهەڵدانی شێواز و میکانیزمی نوێی تیرۆریستی و کێشەی تایفەگەری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەریی سەربەخۆبوونی کوردستان لەسەر گەڕاندنەوەی ئاسایش و ئارامی بۆ ناوچەکە، لە دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد و ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بۆچوونەکانی کرد.**

*** رۆژ لە دوای رۆژ دیاردەی تیرۆر شێواز و مۆدێلی جیاوازی لێ دردەکەوێت، ئەوەی لە چەند هەفتەی رابردوودا لە ئەمەریکا و یابان و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکە بەدیمان کرد، ئەوە بوو تیرۆریستان بە چەکی غەیرەئاگرین هێرش دەکەنەسەر هاووڵاتییان، وەك لۆری بارهەڵگر، چەقۆ و تەور، ئایا تا چەند ئەم شێوازە تازەیەی بۆ کاری تیرۆریستی پیادە دەکرێت، ئایندەی وڵاتانی رۆژئاوا و دیموکراسی دەخاتە مەترسییەوە؟**

- لە راستیدا چەکی دەستی تیرۆریزم لە چەکە لاوازەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتە دیموکراسییە رۆژئاواییەکانیش ئەرکی ئەوەیان دەکەوێتەسەرشان کە هەوڵی پەرەپێدان شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم بدەن، دەوڵەتێکی وەك ئیسرائیل لە سەرەتای دروستبوونییەوە رووبەڕووی تیرۆریزم بۆتەوە، بەڵام ئەم تیرۆریزمە کاریگەری نەکردۆتەسەر دیموکراسی لەم وڵاتەدا، ئەگەرچی شوێنەواری لەسەر رەوتی گەشەکردنی جێهێشتووە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لە مەترسییەکانی تیرۆریزم وردببینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین تیرۆریزم نەبۆتە هەڕەشەیەکی هاوشێوەی ئەم مەترسییەی کە چەکە ناوکییەکان دروستیان کردووە.

*** ئایا هۆکاری دروستبوونی ئەم گەشەکردنەی تیرۆر لە ناو ماڵی رۆژئاوا (Homegrown) چییە؟**

- هەمیشە کەسانێك هەن کە ناڕەزاین و ئێستاش ئەوان لە جیهانێکدا دەژین کە دیمەنی تیرۆریستی لەسەر یوتیوپ دەبینن و توانای بەکارهێنانی ئەنتەرنێتیان هەیە و فێری چۆنیەتی دروستکردنی بۆمبەکان بوون و پاڵنەری بەهێزتریان هەیە کە بوونەتە هۆی ئەوەی کەسانێك بەرەو رادیکاڵییەت بچن.

*** ئەم دیاردە تازەیەی گەشەکردنی کارە تیرۆریستییەکان ئەوەمان پێدەڵێت، کە سەرچاوەی دروستبوونی هزری توندوتیژی تەنیا وڵاتانی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی نییە، بەڵکو لە رۆژئاواش ئەم هزرە وەك لاساییکردنەوەی تیرۆریستانی داعش گەشەی کردووە، ئایا تا چەند ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆکاری ئەوەی وەرچەرخان لە سیستمی سیاسیی رۆژئاوادا دروست بێت، هەروەك چۆن ئێستا لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا دەبینین بەهێزترین کاندید بۆ سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا دۆناڵد ترامپە کە زۆر توندڕەوە؟**

- زۆربەی تیرۆریستیان لە بنەڕەتدا موسڵمانن و ئێستاش جیهانی ئیسلامی بە دەست قەیرانی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنێت، بڕوانە ئەوەی لە عێراق و لە سووریا و لە لیبیا و یەمەندا روودەدات، بە دڵنیاییەوە کێشە ناوخۆیەکانی جیهانی ئیسلامی کاریگەری دەبێت لەسەر موسڵمانانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام لە هەمان کاتدا کاریگەری لەسەر موسڵمانانی ئەوروپا و ئەمەریکاش دەبێت.

*** سەبارەت بە تێکشکاندن و لاوازکردنی داعش لە سووریا و عێراق کە ئەمە بە کرۆکیی ستراتیژیەتی**




**هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش دادەنرێت، هەست دەکرێت هەتا ئەگەر داعشیش تێکبشکێندرێت، ئەوا کێشەکە کۆتایی نایەت و ناوچەکە بەرەو شەڕێکی دیکە دەچێت لە نێوان شیعە و سوننەدا. دیاریشە ئێران سەرۆکایەتی بەرەی شیعە دەکات و سعودیە بەرەی سوننە، ئایا مەترسیی ئەوە نییە شەڕێکی خوێناوی ئاینیی دەیان ساڵە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووبدات و چەندین جینۆساید و کۆمەڵکوژی لێ بکەوێتەوە؟**

- ئاشکرایە ئەمە بەشێکی ئەم پرسەیە، هەروەها تورکیاش بۆتە بەشێك لە کێشەکە بە پشتیوانیکردنی ئەو گروپانە، بەڵام ئیدی ئەمە چارەنووس و قەدەری ئەم ناوچەیەیە کە ئەم چەشنە ئایدیۆلۆژییانە تەشەنە بکەن تێیدا کە بوار بۆ بەکارهێنانی زەبر و زەنگ دەڕەخسێنن.

*** ئێستا حکومەتی عێراق بە ئاشکرا شەڕێکی تایفەگەری دەکات و حەشدی شەعبی کە میلیشیایەکی شیعەیە، کردوویەتە بەشێك لە هێزە چەکدارەکانی عێراق و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت بەشداری لە ئازادکردنەوەی شاری موسڵدا بکات. ئایا بەشداریکردنی میلیشیایەکی شیعە لە شارێکدا کە ژمارەی نزیکەی دە ملیۆن کەسە و لە سەدا ٩٠ی سوننەن، ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئێران دەیەوێت بە ڕێگەی شەڕی بەوەکالەت و حەشدی شەعبی عێراق داگیربکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا تورکیا لە دوای کودەتا سەربازییەکەوە پێناچێت بتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت؟**

-ئاشکرایە لە ئێستادا حکومەتی عێراق بۆتە وەکیلی ئێران و لە هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندیەکانی شیعەدایە، هەر بەم ئاراستەیە هەنگاو هەڵدەگرێت و هێزەکانی حەشدی شەعبی و شەڕەکەشیان جۆریکە لە شەڕی بەوەکالەت بۆ ئێران، ئەمەش جێگەی نیگەرانییە بۆ ئایندەی عێراق و ناوچەکەش.

*** لە ناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا تەنیا لایەنێك کە بە جددی شەڕی تیرۆردەکات و لایەنێك نییە لە کێشەی سوننە و شیعە هەرێمی کوردستانی عێراقە و خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە کە توانیویەتی چەند هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە لە تیرۆریستانی داعش پاك بکاتەوە، بەڵام ئەم لایەنەش لەبەر ئەوەی خاوەنی دەوڵەت نییە مەترسی و هەڕەشەی جددی لەسەرە. ئایا ئەگەر کوردستان ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نابێتە وێستگەیەك بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان و گەڕانەوەی ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری بۆ ناوچەکە؟**

لەو باوەڕەدا نیم کە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی پەرەسەندنێکی پەسەندکراو و خوازراو بێت بەلای تورکیا، یان ئێران، یان حکومەتی بەغداوە، لەبەر ئەوە پێویستە کورد لە کوردستاندا خۆیان بایەخ بە خۆیان بدەن و خۆیان بڕیار بدەن و کەس ناتوانێت لە بری کورد بڕیار بدات.

**چەکی دەستی تیرۆریزم لە چەکە لاوازەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتە دیموکراسییە ڕۆژئاواییەکانیش ئەرکی ئەوەیان دەکەوێتەسەرشان کە هەوڵی پەرەپێدان شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم بدەن**

**دروستبوونی دەوڵەتی کوردی پەسەندکراوی تورکیا، ئێران، یان حکومەتی بەغدا نییە و پێویستە کورد لە کوردستاندا خۆیان بایەخ بە خۆیان بدەن و خۆیان بڕیار بدەن و کەس ناتوانێت لە بری کورد بڕیار بدات**



# دۆناڵد ترەمپ

## کەسایەتییەکی مشتومڕ هەڵگر کاندیدێکی خاوەن هەڵوێستی جیاواز و چاوەڕواننەکراو

ڕەنگە ئەوانەی تائێستا بەدواداچوونیان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمەریکا کردووە، زۆرترین کاتی خۆیان بۆ وردبوونەوە و تێگەیشتن لە لێدوانەکان، یاخود بەرنامەکانی کاندیدی کۆمارییەکان تەرخان کردبێت، ئەویش نەك تەنیا لەبەر ئەوەی پێشینەیەکی سیاسی، یان سەربازی گەورەی نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی قسە و لێدوانەکانی زۆرترین مشتومڕ و قسە و باسیان لەبارەوە دەکرێت، ئەویش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لێدوانە و هەڵسوکەوتەکانی چاوەڕواننەکراو بوون، بەلای کەمەوە لە کەسێك کە پاڵێوراوی یەکێك لە دوو پارتە سەرەکییەکەی ئەمەریکا بێت، بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و گەیشتن بە کۆشکی سپی. هەروەها لەبەر ئەوەی هەڵویست و تێڕوانینەکانی دۆناڵد ترەمپ- ئەوەی تا ئێستا گوزارشتی لێکردوون- نەك تەنیا جیاوازن لە هەڵوێست و سیاسەتە تەقلیدییەکانی پارتەکەی، بەڵکو تەواو دژ و پێچەوانەن لەگەڵیدا – ئەمە بە شایەتی کەسانی دیاری نێو خودی پارتی کۆمارییەکانیش-. هەروەها دیدوتێڕوانینەکانی لە ئاست گرنگی پێداچوونەوە و دووبارە گفتوگۆکردنەوە لەبارەی ڕێککەوتنە بازرگانییەکان و ناوزەدکردنی ناتۆ بەوەی هاوپەیمانێتییەکی بەسەرچووە، ئەوە هەڵدەگرن کە هەڵوێستە لەسەر کەسایەتی و لێدوانەکانی بکرێت.

### ● بەرفراوانبوونی ناڕەزایەتی نێو پارتی کۆمارییەکیان لەبەرامبەر هەڵسوکەوت و لێدوانەکانی ترەمپدا

ترەمپ تەنیا نەکەوتۆتەبەر تیر و توانجی دیموکراتەکان، بەڵکو بازنەی ناڕەزایەتی و بێزاری نێو خودی پارتی کۆمارییەکانیش لە بەرامبەر دۆناڵد ترەمپدا بەرەو هەڵکشان چووە و کەسایەتی دیار و خاوەن سەنگ و قورسایی نێو ئەو پارتەش دەنگی نائاسودەییان لەبەرامبەر ترەمپدا لێ بڵندبۆتەوە، کە پییانوایە کاندیدی پارتەکەیان شایستەی ئەوە نییە ئەرك و بەرپرسیارێتی سەرۆکایەتی وڵاتێکی مەزنی وەك ئەمەریکا بگرێتەدەست و، لەو باوەڕەدان کە کەسێکی بێتوانایە و زۆر هەڵەشەترە لەوەی بتوانێت ئەم پۆستە هەستیارە هەڵسووڕێنێت. تەنانەت کار گەیشتە ئەو ڕاددەیەی کە کۆمەڵێك لە کەسایەتییە دیارەکانی نێو ئەم پارتە داوای ڕاگرتنی ئەو داراییەی بکەن کە پارتەکەیان بۆ هەڵمەتی سەرۆکایەتی ترەمپ تەرخانیان کردووە. ئەو کەسایەتییانە لەوە بێئومێد بوون کە ترەمپ چانسی بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی هەبێت، لەبەر ئەوە باوەڕیان وایە کە پێویستە هەوڵ و کۆششەکانیان چڕبکەنەوە و ئەو داراییەی بڕیارە بۆ هەڵمەتی سەرۆکایەتی خەرج بکرێت، تەرخان بکرێت بۆ کاندیدە کۆمارییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران، بۆ ئەوەی بتوانن لە کۆنگرێسدا زۆرینە مسۆگەر بکەن و لەوێدا پارسەنگێك لەبەرامبەر سەرۆکایەتی کلینتۆندا دروست بکەن. ئەوەتا پتر لە ٧٠ کەسایەتی نێو پارتی کۆمارییەکان واژۆیان لەسەر نامەیەکی کراوە کردووە بۆ سەرۆکی کۆمیتەی گشتی پارتی کۆماری، ڕەینز پریبوس، تێیدا داوای لێدەکەن کە چیتر دارایی پارتەکەیان بۆ سەرخستنی دۆناڵد ترەمپ – لە هەڵبژاردنەکانی مانگی نۆڤەمبەردا- تەرخان نەکەن و ئەو داراییە بەکار بهێنن بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران. لە نامەکەدا کە وێنەیەکی دەست ڕۆژنامەی پۆلیتیکۆ کەوتووە، هاتووە: «ئێمە باوەڕمان وایە کە دۆناڵد ترەمپ کەسێکی بێتوانا و هەڵەشەیە و دووبەرەکی دروست دەکات و ئاستی جەماوەری زۆر لە خوارەوەیە، ئەمەش دەبێتەهۆی سەرکەوتنی گەورەی دیموکراتەکان، تەنیا تەرخانکردنی دەستبەجێی سەرچاوەکان بۆ کاندیدە لاوازەکان هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران ڕێگە لەوە دەگرێت کە ترەمپ پارتی کۆماری لەگەڵ خۆیدا بە ناخدا ببات، نابێت ئەمەش وەك بڕیارێکی قورس سەیربکرێت، لەبەر ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ دەرفەتەکانی هەڵبژاردنی ترەمپ بۆ سەرۆکایەتی لە دەست دەچن.»



ئەم نامەیە دوای چەند هەڵسوکەوتی ترەمپ دێت کە ئەو کەسانەی نامەکەیان نووسیوە، باوەڕیان وایە بۆتەهۆی تۆراندنی ملیۆنەها دەنگی پارتەکان، لە نێویاندا هێرشکردنەسەر خانەوادەی سەربازێکی کوژراوی سوپای ئەمەریکا، لێدوانی ئیجابی لەبارەی سەرکردە بیانییە توندوتیژەکان و هاندانی رووسیا بۆ دۆزینەوەی ئیمەیڵە ونبووەکانی کلینتۆن.

هەروەها لە نامەکەیاندا هاتووە کە ئەم خراپەکارییانەی ترەمپ سەرباری هەڵمەتە پڕ لە رق و پەراوێزخستنەکەیەتی، کە لە میانەیدا گاڵتە و سووکایەتی بە ملیۆنەها دەنگدەر کردووە، لە نێویان کەسانی پەککەوتە و ئافرەت و موسڵمان و کۆچبەر و کەمینەکان، هەروەها گوزارشتی لە مەیلە خۆسەپێنە مەترسیدارەکانی کردووە، لە نێویاندا هەڕەشەی رێگریکردن لە تەواوی شوێنکەوتووانی ئایینێك، فەرماندان بە سوپا بە شکاندنی یاسا بۆ ئەشکەنجەدانی زیندانییەکان، کوشتنی خێزانی تیرۆریستە گومانلێکراوەکان، تۆمارکردنی زانیاری لەبارەی ئەو هاووڵاتییە موسڵمانانەی کە پابەندی یاسان، لە داتابەیسەکاندا، لەگەڵ بەکارهێنانی فەرمانی جێبەجێکردن بۆ پیادەکردنی رێوشوێنی نایاسایی و نادەستووری.

**● ترەمپ وەك کەسایەتییەکی پۆپۆلیستی**

ئەگەر سەرنج لە دروشمی سەرەکیی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی دۆناڵد ترەمپ بدەین، کە بریتییە لە گێڕانەوەی شکۆ و مەزنێتی بۆ ئەمەریکا (make the country great again) ئەو راستییە بەدی دەکەین کە ئەمە دروشمێکی پان و بەرینە و تەرکیزی لەسەر لایەنێکی دیاریکراو نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وێناکردنی ترەمپە بۆ ئەوەی کە دۆخی وڵاتەکە بە چەشنێك خراپە کە پێویستە هەوڵ و کۆششەکان بخرێنەگەڕ بۆ ئەوەی شکۆ و مەزنێتی لەدەستچووی ئەم وڵاتە بگەڕێندرێتەوە. ئەوانەی دیراسەتیان لەسەر دیاردەی پۆلۆلیزم و کەسایەتییە پۆپۆلیستیەکان کردووە، ئەو سەرنجەیان لا گەڵاڵە بووە، یاخود بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە هەمیشە پۆپۆلیستیەکان وێنایەکی تاریك و پڕ لە رەشبینی بۆ ئەو دۆخە دەکەن کە کۆمەڵگەیانی پێیدا تێدەپەڕێت و خۆشیان وەك فریادڕەس و تاکەسوارچاکی گێڕانەوەی شکۆی وڵاتەکە دەخەنەڕوو. بەڵام ئەوەی لێرەدا دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، ئەوەیە کە پۆپۆلیستیەکان بانگەشەکانی خۆیان لە بۆشاییدا ناکەن و زەمینەیەك هەیە بۆ ئەوەی بتوانن ئەسپی خۆیانی تێدا تاو بدەن، چونکە لە راستیدا ئەو کۆمەڵگەیەی ئەستێرەی بەختی کەسایەتییە پۆپۆلیستیەکانی تێدا دەگەشێتەوە، بە دەست کۆمەڵێك کێشە و قەیرانەوە دەناڵێنێت، کە ئەوان دێن و تیشك دەخەنەسەر ئەم کێشانە، بەڵام مەترسییەکە لەوەدایە کە ئامانجی کەسانی پۆپۆلیستی لە تیشکخستنەر ئەو تەنگوچەڵەمانە بریتی نییە لە چارەسەرکردنیان، بەڵکو مەرامی ئەوان ئەوەیە ئەم کێشانە بکەنە ئامرازێك تاوەکو بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی خۆیان کەڵکی لێوەربگرن. بۆ نموونە، ئەگەر کۆچبەران کێشەیان بۆ وڵاتێکی وەك ئەمەریکا دروست کردبێت، هەرچەندە سەرچاوەی بەهێزکردنی کۆمەڵگەی ئەمەریکیشن، چونکە لە رێی کۆچبەرانەوە بەهرە و توانا و لێهاتوویی نوێ دەچێتە ئەو وڵاتەوە، ئەوا لە بری ئەوەی هەوڵ بدرێت دووبارە پێداچوونەوە بەو پرسەدا بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کەم و کورتییەکان کە رەنگە لەگەڵ کۆچبەراندا کەسانێکیش بێنە وڵاتەکەوە کە مەترسی لەسەر ئاسایشی ئەو وڵاتە دروست بکەن، ئەوا کاردەکرێت لەسەر دروستکردن، یان قووڵکردنەوەی هەستی بەرهەڵستکردن و دژایەتیکردنی کۆچبەران، کە رەنگە ئەمەش سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی نائارامی و لێکترازانی کۆمەڵایەتی، هەر لەبەر ئەمەش ترەمپ رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر بووەوە کاتێك بانگەشەی ئەوەی کرد کە پێویستە رێگری لە هاتنەناوەوەی تەواوی شوێنکەوتووانی ئایینێك بکرێت بۆ نێو ئەمەریکا، یاخود دیوارێك هەڵبچنرێت لەسەر سنوورەکانی ئەمەریکا و مەکسیك.

**● بەرنامەی ترەمپ لە چیدا چڕدەبێتەوە؟**

ئەوانەی بەدواداچوونیان کردووە بۆ لێدوان و وتارەکانی دۆناڵد ترەمپ، بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە ترەمپ بەرنامەیەکی روون و ئاشکرای نییە و تا ئێستا ئەوەی بەدی کراوە تەنیا چەند لێدوانێك بووە و ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە هەوڵەکانی ترەمپ لە بەرهەڵستیکردن، یان پێداچوونەوە، یاخود هەڵوەشاندنەوەی ئەو شێوازی کارکردنەدا چڕبێتەوە کە تا ئێستا گیراونەتەبەر. بۆ نموونە لێدوانەکانی لەبارەی ئەوەی دەبێت هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا پشکی گەورەترین بارگرانی و بەپرسیارێتی هەڵبگرن، هەروەك لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی ئەگەری ئەوەی ئایا هەڵوێستی ئەمەریکا چی دەبێت ئەگەر رووسیا دەستدرێژی بکاتەسەر کۆمارەکانی بەڵتیك- لاتڤیا و ئیستۆنیا و لیتوانیا؟ لە وەڵامدا رایگەیاند ئەمەریکا ئامادە دەبێت بۆ هاوکاریکردنی ئەندامەکانی دیکەی ناتۆ، ئەگەر هاتوو ئەوان ئامادەبوون ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. واتە باسی لەوە کرد کە ئەگەر ئەو وڵاتانە دەیانەوێت بەهرەمەندبن لەو پارێزگارییەی کە ئەمەریکا بۆیان دەستەبەر دەکات، ئەوا دەبێت پشکی زیاتری بەرپرساریێتی لە ئەستۆ بگرن. یاخود لێدوانەکانی لەبارەی کشانەوە لە هەندێ لە رێککەوتن و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کە ئەمەریکا ئەندامە تێیاندا، وەك رێککەوتنی نافتا — رێککەوتنی ناوچەی ئازادی باکووری ئەمەریکا کە لە نێوان ئەمەریکا و کەنەدا و مەکسیکدا لە ساڵی ١٩٩٤دا واژۆکراوە-، چونکە ترەمپ پێیوایە هەندێ لە هەنگاو و پەیماننامە بازرگانییەکان سەرچاوەی لەدەستدانی هەلی کارن لە ئەمەریکا، بۆ نموونە لە لێدوانێکیدا باسی لەوە کرد کە واژۆکردنی رێککەوتننامەی نافتا و رێگەدان بە هاتنەناوەوەی چین بۆ نێو رێکخراوی بازرگانی جیهان سەرچاوەی کێشە و تەنگ و چەڵەمەکانی کرێکارانی ئەمەریکایە، لەبەر ئەوە باسی لەوەکرد کە لە سەروەختی سەرکەوتنیدا، دەبێت دووبارە گفتوگۆ لەبارەی ئەو رێککەوتنەوە بکرێت لەگەڵ کەنەدا و مەکسیکدا، خۆ ئەگەر هاتوو ئەوان ئامادەی ئەوە نەبوون، سەرلەنوێ گفتوگۆیان لەبارەوە بکەن، ئەوا رێگای کشانەوە لەو پەیماننامانە دەگرێتەبەر.

**سەرباری ئەوەی کە چەندین کەس باسیان لەوە کردووە کە یەکێک لە خەسڵەتە خراپەکانی ترەمپ ئەوەیە کە کاتێک هەڵەی کرد، ددانی پێدانانێت و پەشیمانی دەرنابڕێت و پۆزش ناهێنێتەوە، بەڵام ئەوەتا بینیمان کە ترەمپ رایگەیاند پەشیمانە لە هەندێ لێدوانی کە رەنگە ئازاری کەسانێکی دابێت**

**تا ئێستا راپرسییەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە دەرئەنجامەکان لە بەرژەوەندی هیلاری کلینتۆن، چونکە تا ئێستا زۆربەی تیری رەخنەکان سنگی ترەمپی گرتۆتەوە و تەنانەت کاردانەوەکان لەبەرامبەر هەڵسوکەوتو هەڵوێستەکانی ترەمپ، بازنەی نارەزاییەتی و لێکترازانی نێو پارتی کۆماریەکانیشی بەرفراوان کردووە**

**ئەو رەخنەیە ئاراستەی ئیدارەی ئۆباما دەکەن کە سەرۆک ئۆباما لەسەر بەڵێنی کۆتاییهێنان بە شەڕ گرەوی هەڵبژاردنەکانی بردۆتەوە، کەچی ئەوەتا ئاگری شەڕ لە ناوچەکەدا تاوی سەندووە و بازنەی ناکۆکی و شەڕەکان بەرفراوانتر بوون**

### ● کاردانەوەی ترەمپ لە ئاست ئەنجامە خراپەکانی لە ڕاپرسییەکاندا

هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەوە، لێدوان و هێرشەکانی ترەمپ مایەی تاسان و داچڵەکینی زۆر کەس بوون، ئەو ماوەیەکی زۆری تەرخان کرد بۆ هێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر زۆر لایەن و کەسایەتی و تا کار گەیشتە ئەوەی خێزانی سەربازە کوژراوەکانی نێو سوپای ئەمەریکاشی لێ بەدەر نەبێت، هەموو ئەو لێدوان و هێرشانەی کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان هەبوو لەسەر ئەگەرەکانی سەرکەوتنی ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا و ئەمەش لە دەرئەنجامی ئەو ڕاپرسییانەدا بەرجەستە دەبێت کە لەبارەی ئەگەر سەرکەوتنی کاندیدەکانەوە ئەنجام دەدرێن. کە تاوەکو ئێستا ترەمپ دەرئەنجامێکی خراپی بەدەست هێناوە و دەرئەنجامەکان زیاتر لە بەرژەوەندی هیلاری کلینتۆنن. هەموو ئەمانە سەرباری ناڕەزاییەتییەکانی نێو پارتی کۆمارییەکان- هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکردن-، ترەمپیان ناچارکردووە کە هەندێ گۆڕانکاری بکات بە ئومێدی باشترکردنی ئەگەری سەرکەوتن لە پێشبڕکێی سەرۆکایەتیدا، وەك ئەو گۆڕانکارییانەی لە نێو تیمی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا ئەنجامی داوە، وەك گۆڕینی بەڕێوبەری هەڵمەتەکە و سەرۆکی جێیبەجێکاری هەڵمەتەکە. لەگەڵ گوزارشتکردن لە پەشیمانی خۆی لەبەرامبەر هەر لێدوانێك کە ڕەنگە ئازاری کەسێکی دابێت، بەڵام ڕوون نییە ئایا کاریگەری ئەو گۆڕانکاری و پەشیمانبوونەوانە چی دەبێت لەسەر ئەگەرەکانی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا و ڕوونیش نییە تا چ سنوورێك ئیرادە و ئامادەیی ئەوەی تێدایە گۆڕانکاری زیاتر بکات لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا.

### ● دیدگای ترەمپ لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

پرسیاری چاودێران لە پێوەندی بەم پرسەوە ئەوەیە ئایا پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یاخود هەڵویست و تێڕوانینەکانی کاندیدەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا چ کاریگەرییەکیان لەسەر یەکلاکردنەوەی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەبێت؟ ئەوەی جێی سەرنجە لێرەدا لە پێوەندی بە دۆناڵد ترەمپەوە، ئەوەیە کە لە کاتێکدا لێدوانێکی دا لەبارەی ڕێگریکردن لە هاتنەناوەوەی موسڵمانان بۆ ئەمەریکا، بەڵام لە هەمان کاتدا باسی لەوە کردووە کە بێلایەن دەبێت لە کێشە و ناکۆکیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا، کە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە تا چ ڕاددەیەك لە کاریگەری قورسی لێدوانی پێشووی دەڕەوێنێتەوە. هەروەها ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە دۆناڵد ترەمپ و کەسانی نزیك لێی زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئۆباڵی ئەو پشێوی و پاشاگەردانییەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بووە، بۆ سیاسەتە هەڵەکانی- بە گوزارشتی ئەوان- ئیدارەی ئۆباما و سیاسەتەکانی هیلاری کلینتۆن- سەروەختێك کە وەزیری دەرەوە بوو- دەگەڕێتەوە، هەروەها ئەو ڕەخنەیە ئاراستەی ئیدارەی ئۆباما دەکەن کە سەرۆك ئۆباما لەسەر بەڵێنی کۆتاییهێنان بە شەڕ گرەوی هەڵبژاردنەکانی بردۆتەوە، کەچی ئەوەتا ئاگری شەڕ لە ناوچەکەدا تاوی سەندووە و بازنەی ناکۆکی و شەڕەکان بەرفراوانتر بوون. کەواتە ئەوەی لێرەدا سەرنج دەدرێت پێچەوانەبوونەوەی، یان هەڵگەڕانەوەی هاوکێشەکەیە لە نێوان کۆمارییەکان و دیموکراتەکان لە پێوەندی بە پرسی شەڕ و دەستتێوەردانەوە، چونکە هەمیشە کۆمارییەکان بەوە ناسراون کە پتر ئامادەیی بەکارهێنانی هێز و پەنابردنەبەر دەستتێوەردانن، بەڵام لە ئێستادا کاندیدی کۆمارییەکان ئەو ڕەخنەیە لە دیموکراتەکان دەگرێت کە دەستتێوەردانەکانی ئەوان بۆتە هۆی تەشەنەسەندنی کێشە و ئاڵۆزی و قەیرانەکان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دووچار گێژاوی پاشاگەردانی و لێکترازان بوونەتەوە.

### ● ئایا هەڵبژاردنەکان بە بەرژەوەندی چ کاندیدێك یەکلا دەبێتەوە؟


هەروەك ئاماژەمان پێکرد، تا ئێستا ڕاپرسییەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە دەرئەنجامەکان لە بەرژەوەندی هیلاری کلینتۆنن، چونکە تا ئێستا زۆربەی تیری ڕەخنەکان سنگی ترەمپی گرتۆتەوە و تەنانەت کاردانەوەکان لەبەرامبەر هەڵسوکەوتو هەڵوێستەکانی ترەمپ، بازنەی ناڕەزاییەتی و لێکترازانی نێو پارتی کۆماریەکانیشی بەرفراوان کردووە، هەموو ئەوانە ڕەنگدانەوەی سلبییان هەبووە لەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی ترەمپ. بەڵام ناشتوانرێت گرەنتی ئەوە بکرێت، ئەم بارودۆخە بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام دەبێت، چونکە ڕەنگە ترەمپ لە ژێر فشاری دەرئەنجامە خراپەکان و لەبەرچاوگرتنی ئەنجامی ڕاپرسییەکان هەوڵی ڕاستکردنەوەی هەڵە و هەڵەشەیی و نابەرپرسیارێتییەکانی — هەروەك چەندین ئەندامی دیاری کۆمارییەکانیش ئاماژەی پێدەکەن- بدات و کار لەسەر خاڵە لاوازەکان خۆی بکات و کۆشش بکات بۆ ئەوەی دەنگی ئەو هاووڵاتیانە بەدەست بێنێت کە تاوەکو ئێستا یەکلانەبۆتەوە کە لە بەرژەوەندی چ کاندیدێك دەنگ دەدەن. چونکە هەرچەندە ترەمپ خۆی لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە ئەو هیچ لە کەسایەتی خۆی ناگۆڕێت و تا ئێستا چۆن بووە، هەروەك خۆی دەمێنێتەوە و سەرباری ئەوەی کە چەندین کەس باسیان لەوە کردووە کە یەکێك لە خەسڵەتە خراپەکانی ترەمپ ئەوەیە کە کاتێك هەڵەی کرد، ددانی پێدانانێت و پەشیمانی دەرنابڕێت و پۆزش ناهێنێتەوە، بەڵام ئەوەتا بینیمان کە ترەمپ ڕایگەیاند پەشیمانە لە هەندێ لێدوانی کە ڕەنگە ئازاری کەسانێکی دابێت. هەرچۆنێك بێت هێشتا ماوەیەکی زۆر ماوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و ڕەنگە خودی کەسایەتی ترەمپیش بە چەشنێك بێت کە نەکرێت پێشبینی هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانی بکەین لە ئایندەدا، چونکە زۆر جار لێدوانی داوە و دواتر ڕایگەیاندووە کە نابێت ئەو لێدوانانەی بە جددی وەربگیرێت، لەبەر ئەوەی تەنیا لە چوارچێوەی گاڵتە و گەپدا قسەی وای کردووە، هەروەها سەرەڕای ئەوەی چاوەڕێی ئەوەی لێنەدەکرا، بە ئاشکرا باس لەوە بکات کە هەڵەی کردووە و گوزارشت لە پەشیمانی خۆی بکات، بەڵام ئەم کارەی کرد.

**ئەوانەی دیراسەتیان لەسەر دیاردەی پۆلۆلیزم و کەسایەتییە پۆپۆلیستیەکان کردووە، ئەو سەرنجەیان لا گەلاڵە بووە، یاخود بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە هەمیشە پۆپۆلیستیەکان وێنایەکی تاریک و پڕ لە ڕەشبینی بۆ ئەو دۆخە دەکەن کە کۆمەڵگەیانی پێیدا تێدەپەڕێت و خۆشیان وەک فریادڕەس و تاکەسوارچاکی گێڕانەوەی شکۆی وڵاتەکە دەخەنەڕوو**

**پتر لە ٧٠ کەسایەتی نێو پارتی کۆمارییەکان واژۆیان لەسەر نامەیەکی کراوە کردووە بۆ سەرۆکی کۆمیتەی گشتی پارتی کۆماری، ڕەینز پریبوس، تێیدا داوای لێدەکەن کە چیتر دارایی پارتەکەیان بۆ سەرخستنی دۆناڵد ترەمپ – لە هەڵبژاردنەکانی مانگی نۆڤەمبەردا- تەرخان نەکەن و ئەو داراییە بەکار بهێنن بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران**

## ڕەجا موهان بەڕێوەبەری دیراساتی ئامۆژگای کارینجی:

# ترەمپ سیاسەتی کۆمارییەکانی سەرتاپا ژێراوژوور کردووە



لە وتارێکیدا کە لە ئیندیا ئیکسپریس بڵاوی کردۆتەوە، ڕەجا موهان بەڕێوەبەری دیراساتی هیندستان لە ئامۆژگای کارینجی باس لە تێڕوانینی دۆناڵد ترەمپ دەکات بۆ شەڕو ئاشتی لە جیهاندا و هەروەها بەیەکداچوونی سیاسەتی کۆمارییەکان و دیموکراتەکان لەم هەڵبژاردنەدا، ئەمەش چەند پەرەگرافێکی ئەو بۆچوونەیە.

هەمیشە توانیومانە بە ئاسانی دوو پارتە سەرەکییەکەی ئەمەریکا لێکجیابکەینەوە، بە تێڕوانین لە دیدگایان لەبەرامبەر شەڕ و ئاشتیدا. گریمانەی ئەوە دەکرێت دیموکراتەکان پارتی ئاشتی بن، لە کاتێکدا کۆمارییەکان هەمیشە لەئامادەباشیدان بۆ شەڕ، بەڵام پێدەچێت لە ئەمساڵدا پێچەوانەبوونەوەیەکی سیاسی لەم پرسەدا بەدی بکەین.

دۆناڵد ترەمپ جیهانی دووچار ڕاچەنین و تاسان کردووە بە خۆدوورخستنەوەی لە زۆرێك لەو پرسانە کە کۆمارییەکان لەم ساڵانەی دواییدا پێوەی پابەندبوون و بەرگرییان لێدەکرد. لە ئێستادا و لە نێوەندە سیاسییەکاندا، ڕکابەرە دیموکراتەکەی، هیلاری کلینتۆن، وەك مەشخەڵهەڵگرێکی ژیر و بەئەزموونی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا سەیردەکرێت.

لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەم دواییانەدا، دیموکراتەکان، ناچاربوون هەموو کارێك بکەن بۆ ئەوەی لەلایەن کۆمارییەکانەوە وەك کەسانی لاواز لە بواری ئاسایشدا ناوزەد نەکرێن.

لە ئێستادا ترەمپ هێرش دەکاتە سەر مەیلی کلینتۆن بۆ پەنابردنەبەر شەڕ. ئەو پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە دەستێوەردانەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مایەی کاولکاری بووە بۆ ناوچەکە و سەرچاوەی تیرۆریزم بووە بۆ ئەمەریکا.

ئەوەی شایستەی ئەوەیە بایەخی پێبدرێت بوونی ئەو گریمانەیەیە کە ڕووسیا و چین خۆشحاڵ دەبن بە چوونی دۆناڵد ترەمپ بۆ کۆشکی سپی، نەك کلینتۆن.

هیلاری کلینتۆن ترەمپی بەوە تۆمەتبارکرد کە دڵسۆزییەکی ڕەهای هەیە بۆ ئامانجەکانی سیاسەتی ڕووسیا. ترەمپیش ئەم تۆمەتانەی ڕەتکردەوە و جەختی لەسەر قەناعەتی خۆی کردەوە کە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووسیادا، لە نێویاندا ئەگەری هاوکاریکردن لەگەڵیدا لە دژی توندڕەو و تیرۆریستان، شایستەی ئەوەیە هەوڵی بۆ بدرێت.

چین کەیسێکی ئاڵۆزترە. ڕەنگە سەرکردەکانی چین گرەوی ئەوە بکەن کە ترەمپ ڕۆژئاوا لاواز بکات بە ناوی بایەخدان بە ئەمەریکاوە. هەروەها گومانیان لە ترەمپە لەوەی بتوانێت هێرشی بەردەوام بکاتەسەر چین بە چەشنی ئەوەی کلینتۆن دەتوانێت، بەڵام لە هەمان کاتدا پەکین لەوە نیگەرانە ترەمپ نەخشەی جیوپۆلەتیکی ئاسیا هەڵگێڕێتەوە بە هاندانی یابان بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی ناوکی.

ئەمەش دەمانباتە سەر بابەتی ڕیشەییترین ئاڵوگۆڕ کە ترەمپ لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا بەدی بێنێت. بەپێچەوانەوە، کلینتۆن، سیاسەتێکی نەگۆڕی هەیە کە دەبێتەهۆی گەشەپێدان و سەرکردایەتیکردنی هاوپەیمانێتییەکان لەلایەن ئەمەریکاوە.

گرنگ نییە سیاسەتەکانیان پەسەندە یان نا، بەڵام زۆربەی وڵاتانی جیهانی خوازیارن کلینتۆن سەرکەوتن بەدەست بێنێت لە هەڵبژاردنەکاندا. لەبەر ئەوەی پێی ئاشنان و مامەڵەیان لەگەڵ زۆرێك لەو کەسانەدا کردووە کە ئەگەری ئەوە هەیە کلینتۆن لە پێگە باڵاکانی حکومەتەکەیدا دایانمەزرێنێت. کەسانێکی کەم هەن خوازیارن خۆیان لەگەڵ ئەو پشێویە ستراتیژیەدا بگونجێنن کە ترەمپ بەڵێنی داوە بەرپای بکات، لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی ژیرانەیە ئەگەر لایەنە پێوەندیدارەکانی ئەمەریکا ئامادەکاری بکەن بۆ هێنانەئارای گۆڕانکاری گەورە لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیاندا، بە چاوپۆشین لەوەی کێ لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو دەبێت.

## میکا زینکۆ لە ئەنجومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە:

# ترەمپ بەرامبەر رۆڵی ناتۆ و گرنگی بۆ ئەمریکا بەهەڵەداچووە



میکا زینکۆ لە ماڵپەڕی ئەنجومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە وتارێکی بە ناونیشانی «بۆچی ترەمپ هەڵەیە بەرامبەر ناتۆ؟» بڵاو کردۆتەوە، سەبارەت بە گرنگی ئەم بابەتە چەند پەرەگرافیکی بە زمانی کوردی بڵاودەکەینەوە.

لە لوتکەی وارشۆدا، کە مانگی رابردود بەڕێوەچوو، سەرکردەکانی رێکخراوی پەیماننامەی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) رایانگەیاند کە چوار بەتالیۆنی —فرەڕەگەزی- دیکە لە پۆڵەندا و لاتڤیا و لیتوانیا و ئیستۆنیا جێگیر دەکەن. ئەم بڕیارە پەیامێکی دڵنیاکردنەوەی گرنگی دا بە جیهان لە سەروەختێکدا کە هەندێ کەسی وەك دۆناڵد ترەمپ، گوزارشت لە گومانی خۆیان دەکەن لە بارەی متمانەکردن بەم هاوپەیمانێتییە و لەبارەی درێژەکێشانی ئەم هاوپەیمانێتییەوە.

لە رۆژگاری ئێستادا، ناتۆ رۆڵی سەرکردایەتی دەگێڕێت لە ئیدارەدانی قەیرانە جیهانییەکان و چەندین ئۆپەراسیۆنی راستەوخۆی سەربازی ئەنجام دەدات بۆ پشتیوانیکردنی لەم ئەرکە. هەروەها ناتۆ لە توانایدایە کە کاربکات بۆ رێگریکردن لە روودانی ناکۆکی وەك پشتیوانییەك بۆ هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، یاخود لەسەر داوای دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان. بەرەوپێشچوونی ناتۆ لە دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت گەیشتۆتە ئەوەی ببێتە هاوپەیمانێتییەکی سەربازیی بێئەندازە تۆکمە کە لەسەر ئاستی جیهان بوونی هەبێت. بەو پێیە، لایەنە ئیجابییەکانی بوونی ناتۆ تەنیا لە کاریگەرییە سەربازییە راستەوخۆکەیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو چەندین سوودی تاکتکیشی هەیە، وەك هاوپەیمانێکی سەربازی ئامادەیە بۆ وەڵامدانەوە و بەپیرەوەچوونی قەیرانەکان. هەروەها مانۆڕەکانی مەشقی هاوبەش و بەرپەرچدانەوە. ئەرکێکی دیکەی بریتیە لە راوێژکاری و گۆڕینەوەی زانیاری و پلانە سەربازییەکان و هاوبەشیپێکردن لە سەرچاوە و ژێرخانە سەربازییەکاندا. لە ماوەی شەڕی سارددا، ناتۆ رۆڵی راستەوخۆی نەبوو لە ئۆپەراسیۆنەکانی شەڕدا، بەڵام هاوکاری کرد لە دەستەبەرکردنی پشتیوانی لۆجیستی بۆ هێزی دەوڵەتە ئەندامەکانی، لە نێویاندا کارئاسانی بۆ گواستنەوە، مافی نیشتنەوە، بەکارهێنانی بەندەرەکان و هاوکاری پزیشکی. بە هەمان شێوە، ئەگەرچی لە ئێستادا ناتۆ بەشدار نییە لەو هاوپەیمانێتییەی بۆ شەڕ داعش پێکهاتووە، بەڵام دەوڵەتە ئەندامەکانی هاوکارن بە دەستەبەرکردنی سەرچاوە و بە ئاسانکاریکردن بۆ ئەنجامدانی شەڕەکە. بەپێی داتای هێزە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا، دوای کرانەوەی بنکەی ئەنجەرلیك لە ساڵی ٢٠١٥دا بە رووی ئەو چالاکییانەدا، رێژەی بۆردومانەکان لە سەدا ٣٠ زیادی کردووە.

کەواتە بەڵگەی زۆر و زەوەند لەبارەی گرنگیی ستراتیژی ناتۆوە بۆ ئەمەریکا ئەو راستییە دەردەخات کە لێدوانەکانی ترەمپ لەبارەی ناتۆوە لێدوانی چەواشەکارانەن. لەوەش زیاتر، هەڕەشەی کشانەوە نابێتە هۆی زیادکردنی سەنگ و قورسایی ئەمەریکا لە گفتوکۆکانی لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا. لە بری ئەوە، تەنیا دەبێتە هۆی لاوازکردنی سەرکردایەتی ئەمەریکا و جەسارەتپێدانی رووسیا.



نەبیل تکریتی، پرۆفیسۆرە لە بەشی مێژوو و دیراساتی ئەمەریکی لە زانکۆی ماری واشنتۆن. خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە مێژووی عوسمانی لە زانکۆی شیکاگۆ. وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك تورکیا لە ئیمپراتۆریەتەوە بۆ کۆمار، شارستانیەتی عەرەبی، مێژووی ناکۆکیی نێوان عەرەب و ئیسرائیل و عێراقی مۆدێرن. بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی گۆڕاو و ئاڵۆزی ناوچەکە لە پێوەندی بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی شەڕی داعش و ئەگەری لەبەریەك هەڵوەشانی سنووری دەوڵەتانی ناوچەکە و چۆنیەتی گەڕاندنەوەی ئارامی و سەقامگیری بۆ ناوچەکە و پرسی سەربەخۆبوونی کوردستان، لە دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد و ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بۆچوونەکانی کرد.

## نەبیل تکریتی پرۆفیسۆری مێژوو بۆ گوڵان:

# پێویستە حکومەتەکانی ناوچەکە بە پاڵپشتیی کۆمەڵگە و شارەزایان و ڕاگەیاندنەکان ڕووبەڕووی ئایدیۆلۆژیای داعش ببنەوە

*** بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەمەریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش لە سەر ئەرزی واقیع دەبینین، هەست دەکرێت جۆرێك لە خۆئامادەکردن هەیە بۆ قۆناخی دوای داعش، ئەمەش ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە پرسی گۆڕینی ڕژێمی بەشار ئەسەد وازی لێهێنراوە و ئامانجەکە تەنیا لە کۆتاییهاتنی داعشدا چڕکراوەتەوە. ئایا مانەوەی ڕژێمێکی دڕندەی وەك ڕژێمی ئەسەد هەموو کاتێك فاکتەرێکی بەهێز نابێت بۆ دروستبوونەوەی گروپی تیرۆریستی دیکەی هاوشێوەی داعش و قاعیدە؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە لەم چەند مانگەی دواییدا ئەولەوییەتی هاوپەیمانێتیی ئەمەریکا و ئەوروپا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە لە ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەدەوە بۆ لە ناوبردنی هەڕەشەی داعش. هەرچۆنێك بێت، ناتوانین دڵنیابین لە بوونی پێوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان بەردەوام بوونی ڕژێمە خۆسەپێنەکانی وەك ئەسەد و تەشەنەسەندنی گروپە موعارەزە توندوتیژەکانی وەك داعش. چەندەها نموونەی ڕژێمە خۆسەپێنەکان هەن، هەم لە ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەم لە دەرەوەی ئەم ناوچەیەش، کە سەرکەوتووانە ئیحتیوای هەڕەشەی گروپە موعارەزە توندوتیژەکانیان کردووە، بەلای کەمەوە تا ئەو کاتەی لە دەسەڵاتدان.

*** لە عێراق و سووریا، ئێستا شەڕەکە لەوە دەرچووە پێی بگوترێت شەڕی نێوان حکومەت و تیرۆریستانی داعش، بەڵکو بووە بە شەڕێکی خوێناوی نێوان سوننە و شیعە، ئەوانەشی چاودێری بارودۆخەکە دەکەن، بە تەواوەتی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە جارێکی دیکە سوننە و**

**شیعە لە عێراق و سووریا ناتوانن لە یەك كۆمەڵگەدا پێكەوە بژین و دەبێت لێك جیابكرێنەوە. ئایا كە ڕێگەی كۆتاییهاتنی ئەم شەڕە خوێناوییە لێك جیاكردنەوەی ئەو دوو لایەنە بێت، بۆچی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەنگاو بۆ ئەو چارەسەرە هەڵناگرێت بۆ ئەوەی كێشەكە كۆتایی پێبهێندرێت؟**

- جیاكردنەوە و لێكدابڕینی گروپە ئیتنیە-تایفەگەرییەكان بە هیچ شێوەیەك زامنی هێنانەئارای چارەسەركردنی كۆتایی توندوتیژی تایفەگەری ناكات، ئەگەر دەرئەنجامێكیشی لێبكەوێتەوە، ئەوا پێداگیری لەسەر سەپاندنی ئەم لێكجیاكردنەوەیە توندوتیژیی تایفەگەری زیاتر دەكات، لەبەر ئەوەی كاتێك سنوورەكان دادەڕێژرێنەوە بۆ لێكجیاكردنەوەیان، ئەوا گروپە ركابەرەكان شەڕ لەسەر ئەم سنوورانە دەكەن و هەر گروپێكیش بەردەوام شەڕ لەسەر سەپاندنی یەكڕەنگكردنی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەكات. لە راستیدا، لە رووی مێژووییەوە، كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوڕا بووە لەگەڵ بناغەی ئەم پرسیارەدا و پشتیوانی جیاكردنەوە و لێكدابڕینی گروپە ئیتنییە تایفەگەرییەكانی كردووە.

*** لە ناو ئەم بارودۆخەی شەڕی خوێناوی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، كورد هەتا ئێستا نەبۆتە بەشێك لە كێشەی نێوان شیعە و سوننە، هەروەها تەنیا لایەنیشە كە بە كردەوە شەڕی تیرۆریستانی داعش دەكات، بەڵام هەردوو پێكهاتەی شیعە و سوننە ئیدی عەرەب بن، یان فارس، یاخود تورك، لەگەڵ ئەوەی خۆیان دژی یەكترن، بەڵام پێكەوە دوژمنی كوردیشن، ئەگەر كورد بەو جۆرە شەڕی دژی داعش بكات و دوای داعشیش لە ژێر مەترسیی سوننە و شیعەدا بێت، ئایا ئەركی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نییە دان بە قەوارەیەكی سەربەخۆدا بۆ كوردستان بنێت؟**

- ئەوە وەسفكردنێكی ورد نییە كە بڵێین هێزە كوردییەكان تەنیا هێزن كە لە دژی داعش شەڕ دەكەن، بەلای كەمەوە لە عێراقدا ئەمە حاڵەتەكە نییە. ئۆپەراسیۆنەكانی ئەم دواییە لە دژی داعش لە رومادی و فەللوجە بە شێوەیەكی سەرەكی لە لایەن یەكەكانی حەشدی شەعبی ئەنجامدران كە هێزێكی عەرەبی شیعەن، هەروەها بە پاڵپشتی هێزەكانی خێڵە سوننە عەرەبەكان، یەكەكانی سوپای عێراقی و راوێژكارە نێودەوڵەتییەكان بووە. لە كاتێكدا كوردە ناسیۆنالیستەكانی ناوچەكە بە دڵنیاییەوە بەرەوپێشچوون لە بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی خۆیان، سەربەخۆبوونی تەواوی كوردیش بە بێ توندوتیژییەكی زیاتر نایەتەدی، ئەو توندوتیژییەش لەو وڵاتانەوە سەرچاوە دەگرن كە سەروەری لە دەست دەدەن بەسەر بەشێكی گرنگی خاك و خەڵكەكەیانەوە. لەوەش زیاتر، بە حوكمدان لە بەردەوامبوونی كێشەگەلێكی ناوچەیی سیستماتیكییەوە، وەك گەندەڵی، توندوتیژیی دەوڵەت، ئەوا سەربەخۆبوونی تەواو ئەو ئەگەرە بە دوای خۆیدا دەهێنێت كە بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر ئەم كێشە سیستماتیكییانەدا لە پارتێكەوە بۆ پارتێكی دیكە دەگۆڕێت، لەبری ئەوەی لە راستیدا چارەسەرێكی درێژخایەن بۆ ئەم كێشانە بێنێتەئاراوە.

*** وەك دەبینین خەلافەتی ئیسلامی داعش، هەڕەشەیەكی گەورەی لەسەر ئەوروپا و رۆژئاوا دروست كردووە، ئەمەش نەك تەنیا لە ڕێگەی چەكدارانی خۆیەوە، بەڵكو داعش بۆتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ خەڵكانی دیكەش كە بە هەمان شێوەی داعش كاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن، وەك ئەوەی بەم دواییە لە شاری نیسی فەڕەنسی و پێش ئەوەش لە ئەمەریكا ئەنجام دران، ئایا چۆن دەتوانرێت فیكری داعش ریشەكێش بكرێت بۆ ئەوەی سەقامگیری و ئاشتی بۆ كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەڕێتەوە ؟**

- پێویستە حكومەتەكانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرەوەی ئەم ناوچەیەش پشتیوانی دەستپێشخەرییەكانی كۆمەڵگە و شارەزایان و راگەیاندن بكەن بۆ رووبەڕووبونەوەی راستەوخۆی ئایدیۆلۆژیای داعش. لەوەش زیاتر، بۆ ئەوەی قەناعەت بە گەنجەكان بكەن كە پشتیوانی داعش نەكەن، پێویستە پێداچوونەوە و چاكسازییەكی تەواو لە سیاسەتی دەرەوەی رۆژئاوا و ئەوروپادا بكرێت، چونكە تەنیا بۆردومانكردن ڕێگایەك نییە بۆ هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری.

*** هەندێك لە چاودێران پێیانوایە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە و لەو كاتەوەی لەسەر بنەمای نەخشەی سایكس پیكۆ دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستكراون، بەردەوام ئەم دەوڵەتانە بەتایبەتیش سووریا و عێراق سەرچاوەی ناسەقامگیری و شەڕ و شۆڕ بوون، بۆیە هەتا ئەو دوو دەوڵەتە بە یەكگرتوویی بمێننەوە، بۆشایی هەر دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی تیرۆریستان تێیدا گەشە بكەنەوە، ئایا دووبارە هەڵوەشانەوەی عێراق و سووریا نابێتە فاكتەرێك بۆ بنبڕكردنی تیرۆر لە ناوچەكەدا؟**

- من باوەڕم وایە دابەشكردنی عێراق و سووریا هەمان ئەو دەرئەنجامەی لێدەكەوێتەوە كە لە دابەشكردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە هاتەئاراوە لە سەروبەندی شەڕە مەزنەكەوە. ئەگەر بە سادەیی گوزارشتی لێبكەین، ئەوا دەقاودەق ئەو ناسەقامگیری و توندوتیژی و نادڵنیاییەی لێدەكەوێتەوە كە ئێوە لە پرسیارەكەتاندا دەربارەی میراتی سایكس پیكۆ كردووتانە، بەڵام ئەمجارە لە ناوچەگەلێكی جیاواز و بچووكتردا. پێویستە ئامانجەكە هێنانەئارای هاوكارییەكی بەرفراوانتر بێت لە سەرتاسەری ناوچەكەدا، نەك دروستكردنی قەوارەی دەوڵەتی ئیتنی بچووكتر و یەكڕەنگتر. ئەگەرچی لەم ساتەوەختە تاریكانەدا روون نییە، بەڵام تاكە ڕێگە بۆ هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری بریتییە لە هاوكارییەكی بەرفراوانتر و پێویستە ئامانجە كۆتاییەكە گرتنەبەری مۆدێلی یەكێتی ئەوروپا بێت لە بواری هاوكاری ئیقلیمیدا، نەك مۆدێلی بەلقان كە بریتییە لە ململانێی نێوان دەوڵەتە بچووكەكان.

**تاكە ڕێگە بۆ هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری بریتییە لە هاوكارییەكی بەرفراوانتر و پێویستە ئامانجە كۆتاییەكە گرتنەبەری مۆدێلی یەكێتی ئەوروپا بێت لە بواری هاوكاری ئیقلیمیدا، نەك مۆدێلی بەلقان كە بریتییە لە ململانێی نێوان دەوڵەتە بچووكەكان**

**لەم چەند مانگەی دواییدا ئەولەوییەتی هاوپەیمانێتیی ئەمەریكا و ئەوروپا گۆڕانكارییان بەسەردا هاتووە لە رووخاندنی رژێمەكەی ئەسەدەوە بۆ لە ناوبردنی هەڕەشەی داعش**